تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5910) سێ شەممە 14ی کانوونی دووەم 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

پەرلەمانی کوردستان وەڵامی قسەکانی حەسەن نەسروڵا دەداتەوە

ئەوە هێزی پێشمەرگە بوو بەشێوەیەکی راستەوخۆ و مەیدانی لە بری هەموو جیهان رووبەڕووی تیرۆریستانی داعش بووەوە

لە ڕاگەیاندراوێکدا پەرلەمانی کوردستان وەڵامی قسەکانی حەسەن نەسروڵا دەداتەوە، ئەمەی خوارەوە دەقی ڕاگەیاندراوەکەیە:

وەکو پەرلەمانی کوردستان بەهەموو شێوەیەک سەرلەبەری ئەو قسانەی حەسەن نەسرولا ڕێبەری حزبوڵای لوبنانی ڕەتدەکەینەوە کە لە وتارێکیدا هێرشێکی ناڕەوای کردۆتەسەر سەرۆک بارزانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەڕەمزی خۆڕاگری و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعشن، ئەوە هێزی پێشمەرگە بوو کە بەخوێنی خۆی ئەفسانەی داعشی تێکشکاند و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و مەیدانی لە بری هەموو جیهان ڕووبەڕووی تیرۆریستانی داعش بووەوە و قارەمانییەتی گەورەی تۆمار کرد. بەداخەوە بەرپرسانی حیزبەکەی حەسەن نەسرولا بەشێک بووە لەو هێرشە ناڕەواو نادەستوورییەی کە لە ساڵی 2017 کرایە سەر هەرێمی کوردستان. ئێمە وەکو نوێنەرانی هەرێمی کوردستان وەفادارین بەرامبەر بەهەر کەس و لایەنێک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵمان هاوکار بووبێت، زیادەڕەویش لە هیچ کەس و لایەنێک قبوڵ ناکەین و وەکو پەرلەمانی کوردستان و نوێنەری خەڵکی کوردستانیش ئیدانەی بێ ڕێزی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەر سمبولێکی نەتەوەکەمان دەکەین.

پەرلەمانی کوردستان
13/1/2020

لێدوانێک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە:

لە شەڕی بەرەنگاربوونەوەی داعشدا هەموو گەلی کوردستان و زۆر لە سەرکردەکانی جیهان بۆ ئازایەتیی پێشمەرگە و سەرۆک بارزانی، شایەتییان دا



نێچیرڤان بارزانی و جینین پلاسخارت دۆخی عێراق تاوتوێ دەکەن

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئامادەیی هەرێمی کوردستانی بۆ هەر هاوکاری و هەماهەنگییەک بەمەبەستی گەرانەوەی ئارامی و سەقامگیری بۆ عێراق دەربڕی و جەختی لە پێویستیی لەبەرچاوگرتنی داوا ڕەواکانی خۆپیشاندەران کردەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دەکات

دوێنێ دووشەممە 2020/1/13 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە جنین هینیس پلاسخارت نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN)لە عێراق کرد. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەبارەی دوا وتاری حەسەن نەسرولا کە تیایدا بەشێوەیەکی نەشیاو دەرهەق بە سەرۆک بارزانی و قوربانیدان و قارەمانیەتی پێشمەرگە قسەی کردووە، لێدوانێکیدا، تێبینی هاتووە: جێگەی داخە کەسێکی وەک بەڕێز نەسرولا بەبێ ڕەچاوکردنی ڕۆڵی مێژوویینەی سەرۆک بارزانی لە بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان و ڕۆڵی مەیدانیانەی لە تێکشکاندنی داعشدا، بەو شێوەیە هەستی گەلی کوردستان بریندار بکات.

(دەقی لێدوانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ل2 بخوێنەوە)

سەرۆکی حزبێکی عەرەبیی عێراقی:

حەسەن نەسرولا باوکی تیرۆرە

سەرۆکی حزبێکی عەرەبیی عێراقی بە تووندی وەڵامی قسەکانی حەسەن نەسرولا، ئەمینداری گشتیی میلیشیای حزبوڵای لوبنانی دایەوە و بە باوکی تیرۆر ناوبرد. پاش قسەکانی لە بارەی هێرشی داعش بۆ سەر هەولێر و ناوهێنانی سەرۆک بارزانی، میسال ئالووسی، سەرکردەی ناسراوی عەرەبی عێراقی و سەرۆکی حزبی ئومەی عێراقی لە توێتێکدا بە تووندی وەڵامی حەسەن نەسرولای ئەمینداری گشتیی میلیشیای حزبوڵای لوبنانی دایەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

وەڵامێک لە گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مەلا حەسەن نەسرولا:

ئەوە هێزی پێشمەرگە بوو، هەولێر و کوردستانی پاراست نەک خەڵکی تر

ڕۆژی 2020/1/12 گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی قسە بێسەروبەرەکانی حەسەن نەسرولای دایەوە، لە بەشێکی وەڵامەکەیدا هاتووە "ئەو کەسەی کە گوایا نوێنەری ئێوە بووە و لە کاتی سەردانی بۆ لای سەرۆک بارزانی بەشدار بووە، دەبێت هەر هەمان کەس بێت لەگەڵ هاوچەشنەکانی خۆی، لە ڕۆژانی 16 و 20 و 26 ئۆکتۆبەری 2017 ئامانج و خەونی داگیرکردنی کوردستان بوو، بەڵام لە بەرامبەر خۆڕاگری و بەرگری قارەمانانەی پێشمەرگەدا، لەرزۆکانە و سەرشۆڕانە سەریان لە بەرد دا و خەونەکانیان لە گۆڕ نرا". **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

گفتوگۆکانی هەولێر و بەغدا دەست پێدەکەنەوە

سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەست پێدەکەنەوە. ئومێد سەباح، سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، ڕایگەیاندووە، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق کردووە دەست بە گفتوگۆکان لەبارەی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، بکرێتەوە. سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی بەوەش کرد، کە مەسرور بارزانی داوای لە عادل عەبدولمەهدی کرد ڕێککەوتنی کۆتایی لەنێوان هەردوو حکوومەت، واژۆ بکرێت.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی: قسەکانی نەسرولا هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان و شکۆی پێشمەرگەیە

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئومێد خۆشناو ڕایگەیاند، هەر ئەندامێکی پەرلەمان دەیەوێت خانەنشینی پلە بالاکان نەمینێت، ئەوا دەبێت لە خۆیەوە دەست پێ بکات و فۆرمێک پڕ بکاتەوە کە بڵێت من ئەندامییەتی خانەنشینیم قبوڵ نییە، ئەوە دەمانباتە جۆرێک لە دووڕکەوتنەوە لە موزایەدە.

دوێنێ دووشەمە لەمیانی بەڕێوەچوونی دانیشتنی ئاسایی پەرلەمانی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەیاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرمالە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئومێد خۆشناو ڕایگەیاند کە سەرجەم پەرلەمانتاران واژووییان لەسەر یاداشتێک کردووە سەبارەت بە هەڵوێستی فەرمیی پەرلەمانی کوردستان دەربارەی قسەکانی دوێنێی ئەمینداری گشتی حزبوڵای لوبنان، حەسەن نەسرولا تایبەت بە هەرێمی کوردستان.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە بۆ «خەبات»:

داعش خۆی ڕێکدەخاتەوە بۆیە پێشمەرگە لە ئامادەباشیی تەواو دایە

بریکاری وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد، ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش خەریکی خۆڕێکخستنەوەیە، بۆیە پێشمەرگە لە ئامادەباشیی تەواو دایە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



کۆنترۆڵکردنی بەشێک لە ئاگرەکەی ئوستڕالیا

لەگەڵ دابەزینی پلەکانی گەرما لە ویلایەتی نیو ساوس وێلز باشووری ڕۆژهەڵاتی ئوستڕالیا، بەشێک لەو ئاگرە کۆنترۆڵکرا کە ماوەی چەند مانگێکە ناوچەکەی گرتووەتەوە. بەرپرسانی یەکەی ئاگرکوژێنەوەی ئوستڕالیا، ئاماژەیان بەوە کرد کە دوای دابەزینی پلەکانی گەرما لە نیو ساوس وێلز بۆ یەکەمجار لە دوای هەوڵێکی زۆر توانرا بەشێک لە ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکرێت. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

لێدوانێک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە:

لە شەڕی بەرەنگاربوونەوەی داعشدا هەموو گەلی کوردستان و زۆر لە سەرکردەکانی جیهان بۆ ئازایەتیی پێشمەرگە و سەرۆک بارزانی، شایەتییان دا

جێگەی داخە کەسێکی وەک بەڕێز نەسرولّا بەبێ ڕەچاوکردنی ڕۆڵی مێژوویینەی سەرۆک بارزانی لە بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان و ڕۆڵی مەیدانیانەی لە تێکشکاندنی داعشدا، بەو شێوەیە هەستی گەلی کوردستان بریندار بکات



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەبارەی دوا وتاری حەسەن نەسرولّا کە تیایدا بەشێوەیەکی نەشیاو دەرهەق بە سەرۆک بارزانی و قوربانیدان و قارەمانیەتی پێشمەرگە قسەی کردووە، لێدوانێکی دا ئەمە دەقەکەیەتی:

بەڕێز حەسەن نەسرولّا، ئەمێنداری گشتیی حیزبولّلای لوبنانی لە وتارێکدا دوور لە شێواز و ئەتەکێتی سیاسی، بە شێوەیەکی نەشیاو دەرهەق بە سەرۆک مەسعوود بارزانی و قوربانیدان و قارەمانیەتیی پێشمەرگە، قسەی کردووە. جێگەی داخە کەسێکی وەک بەڕێز نەسرولّا بەبێ ڕەچاوکردنی ڕۆڵی مێژوویینەی سەرۆک بارزانی لە بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان و ڕۆڵی مەیدانیانەی لە تێکشکاندنی داعشدا، بەو شێوەیە هەستی گەلی کوردستان بریندار بکات.

سەرۆک بارزانی هەموو تەمەنی خۆی لە بەرەنگاربوونەوەی ستەم و ستەمکاران و لەپێناو ئازادیی گەلەکەیدا بەخشیوە، لە شەڕی بەرەنگاربوونەوەی داعشیشدا وەک فەرماندەی هێزی پێشمەرگە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆی مەیدانی و لەگەڵ هێزی پێشمەرگە لە سەنگەردا، ڕۆڵێکی ئەوەی تێبینیمان کرد بە نەفەسێکی لەرزۆک و، ناجێگیر، حەسەن نەسرولّا هێرشێکی ناڕەوای کردۆتە سەر ڕێبەری کوردستان سەرۆک بارزانی، سەرۆکێک کە لە پێناو ئاشتی بۆ جیهان و خۆشگوزەرانی بۆ تەواوی گەلانی ناوچەکە، بە هاوکاری گەلی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان ئەفسانەی داعشی تێکشکاند، دەبوو لە جیاتی ئەو زمانە لەرزۆک و هێرشە ناڕەوایە، هیچ نەبووایە پێزانینت هەبوایە بۆ نەتەوەیەک، کە لە ناوچەکە وەک گەورەترین نەتەوەی ستەملێکراو، تێکۆشانی بۆ ئازادی و ئاشتی و مرۆڤایەتی کردووە.

ئەو ڕاستییە ڕوون و ڕۆشنە، کە ئەوە هیزی پێشمەرگەی قارەمان بوو، بەرگریی لە هەولێر و کوردستان کرد و لە داستانی پردێ و سحێلا و دیکەی پەیوەست بە دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە، لایەنێکی دیکەی دیارەکە بوو.

هەڵوێستی هەرێمی کوردستانیان لەمبارەیەوە، خستە بەر باس. تاوتوێکردنی دۆخی ئێستای ناوچەکە بەگشتی و پلانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ هاوکاریکردنی عێراق لەم قۆناغەدا، پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەی گفتوگۆ و دیالۆگ و چەند پرسێکی تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کە نیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە 2020/1/13 لە هەولێر بەڕێوەچوو، هەردوولا دوا پێشهات و ئالۆزییەکانی ئەم دواییەی عێراق و ناوچەکە، خۆپێشاندانەکانی بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی عێراق و داواکارییەکانیان، مەترسیی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و هەڕەشەکانی و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەی گفتوگۆ و دیالۆگ و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەست بە دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە، لایەنێکی دیکەی دیارەکە بوو.



نێچیرڤان بارزانی و جینین پلاسخارت دۆخی عێراق تاوتوێ دەکەن

پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و چارەسەرکردنی کێشەکان بە دیالۆگ لایەنێکی دیدارەکە بوو



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دەکات

دوێنێ دووشەمە 2020/1/13 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە جنین هینیس پلاسخارت نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN)لە عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا، دوایین پێشهات و پەرەسەندنەکانی بارودۆخی عێراق تاوتوێ کرا. ئاماژە بەوە درا کە عێراق بە دۆخێکی سەختدا تێدەپەڕێت و پێویستە هەموو لایەنەکان هەستیاری قارەمانانەی نواند کە هەموو گەلی کوردستان و زۆر لە سەرکردەکانی جیهان بۆ ئازایەتیی پێشمەرگە و جەنابی سەرۆک، شایەتییان دا.

گەلی کوردستان هەمیشە بە هاوکارییەکانی دۆستانی دەزانێت و سوپاسی هەموو ئەوانە دەکات کە لە شەڕی دژی داعشدا یارمەتیی هەرێمی کوردستانیان داوە، بە ڕێزەوە لەو پشتگیرییەی ئەوان دەڕوانێت و قەت لەبیری ناکات.

گەلی کوردستان و پێشمەرگە زیاتر لە سەدەیەکە بەرەنگاری گەورەترین و دڕاندانەترین هێرشی قڕکاری بوونەتەوە، بارودۆخەکە لە بەرچاو بگرن. هەروەها جەخت لەوە کرایەوە کە گرژبوونی زیاتری ڕەوشەکە لە قازانجی خەڵکی عێراق و ناوچەکە نییە و، پێویستە ئاشتی و سەقامگیریی عێراق بپارێزرێت.

باشترکردنی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی و هەماهەنگی زیاتر لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان، تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو.

وەڵامێک لە دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ حەسەن نەسرولّا

مەحموودیەش، نەیهێشت، کە هەرێمی کوردستان بکەوێتە ژێر داگیرکاری.

سەرۆک بارزانی لەگەڵ ئەوەی پێزانینی هەبووە بۆ هەموو یارمەتییەک لە شەڕی دژ بە داعش، نەگەر قەبارەی یارمەتیدانەکە زۆر بچوکیش بووبێ، بەڵام ئەو شەرمەزارییە لەبیرناکرێ، کە ڕاستییەکەت لا ڕوونە و لە لاپەڕەکانی ڕۆژانی 16و 20و 26 ئۆکتۆبەری 2017 ئاشکرابوو، کە کێ بوون خەونی نەزۆکیان بریتی بوو لە داگیرکردنی کوردستان، دیارە هەر پێشمەرگە دلێرەکان بوون جارێکیتر سەرجەم ئەو خەونە نەزۆکانەی لە گۆڕنا، بۆیە ئەگەر بیر لەوە بکەیتەوە سێرە لە ڕێبەری پێشمەرگەئاسای نەتەوەیەک بگری، باشترە پێداچوونەوەیەک بە دۆخی خۆت بکەیت، کە شوێنی داهاتووی سیاسیت لە شەڕی داعشیشدا هەرێمی کوردستانیان پاراست و بەشدار بوون لە پاراستن و ڕزگارکردنی زۆر شوێنی دیکەی عێراق، ئەمڕۆش پاراستنی ئاشتی و پێکەوەژیان و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بە ئەرکی هەرە لەپێشی خۆیان دەبینن، لە کاتێکدا دۆخی ناوچەکە وا دەخوازێت هەموومان کار بۆ ئارامکردنەوە و گێڕانەوەی سەقامگیری بکەین.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2020/1/13

سەرۆک بارزانی هەمیشە هەوڵی داوە هێزەکانی پێشمەرگە بەهێز بکات و ئاسۆی گەلی کوردستان و هەرێمی کوردستانیش لەڕێز ڕۆشنایی ستراتیژیەتی سەرۆک بارزانی بەرەو کام قۆناغی گەشاوەتر و سەرکەوتن دایە.

دووپاتی دەکەینەوە تۆ لەو ئاستە نیت،کە بتوانی بۆ پەردەپۆشکردنی شکستەکانت، خەتێک بەسەر ئەو دواڕۆژە گەشە دابێنی، کە سەرۆک بارزانی لە قۆناغی شاخ و شاردا وەک ڕێبەری نەتەوەیەک ئاسۆیەکی گەشی بۆ گەلێکی ستەملێکراوی وەک کوردستان لە ناوچەکە فەراهەم کردووە.

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
13/1/2020

لە دیوانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار مۆڵەتی دروستکردنی کونسوڵخانەی کۆماری چین واژوو کرا



دوێنێ دووشەمە 13ی کانوونی دووەمی 2020 لە دیوانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و بە ئامادەبوونی نی ڕووچی، کونسوڵی گشتیی کۆماری چینی میللی لە هەولێر و سەرۆکی شارەوانیی هەولێر، مۆڵەتی دروستکردنی کونسوڵخانەی کۆماری چین لە هەولێر واژوو کرا.

شایەنی باسە بالّەخانەی کونسوڵخانەی گشتیی کۆماری چینی میللی لە شاری هەولێر، پێشتر لە ڕێککەوتی 2018/10/31 لە زەوی تەرخانکراو بۆ کونسوڵخانەکان لەسەر ڕێگەی پیرمام زەوییەکەی بۆ تەرخانکراوە و دوای ئەو واژووکردنی مۆڵەتی دروستکردنی، دەست دەکرێت بە دروستکردن و جێبەجێکردنی کارەکانی تەواوکردنی بالّەخانەکە.

بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە بۆ «خەبات»:

داعش خۆی ڕێکدەخاتەوە بۆیە پێشمەرگە لە ئامادەباشیی تەواو دایە



بریکاری وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد، ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش خەریکی خۆڕێکخستنەوەیە، بۆیە پێشمەرگە لە ئامادەباشیی تەواو دایە.

سەربەست لەزگین، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە بە خەباتی ڕاگەیاند: کۆبوونەوەی فراوانی وەزیری پێشمەرگە و فەرماندە سەربازییەکان کراوە، هێزی پێشمەرگە لە ئامادەباشی دایە و دەبێت هەموو کات لە ئامادەباشیدا بێت. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە جموجۆڵی تیرۆریستانی داعش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت، بەتایبەتیش لە ناوچەکانی (حەمرین، خانەقین، باشووری کەرکووک، ڕۆژئاوای کەرکووک، قەرەچووغ، مووسڵ و چەند شوێنێکی دیکە) خۆیان زیاتر ڕێک دەخەنەوە، بەڵام پێشمەرگە چاودێریی جوڵەکانیان دەکات. لە بارەی ڕاگرتنی مەشق و ڕاهێنانەکانی پێشمەرگە کە لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش ئەنجام دەدرا، سەربەست لەزگین ئاماژەی بەوە کرد کە ڕاگرتنەکە کاتییە و «ڕاهێنەرەکانیان ئامادەن و پەیوەندیان لەگەڵیاندا بەردەوامە، هاوپەیمانان بەردەوام دەبن لە سیاسەتی خۆیان و هاوکاریی ئێمە لەگەڵ ئەوان بەردەوام دەبێت و گۆڕانکاری بەسەردا نایەت».

وەڵامێک لە گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مەلا حەسەن نەسروڵڵا:

سەرۆک بارزانی رەمزی خۆڕاگری نەتەوەیەکە و تۆی ترسنۆک زۆر لەوە بچووکتری ئەو زمان درێژییە بکەی

ئەوە هێزی پێشمەرگە بوو، هەولێر و کوردستانی پاراست نەک خەڵکی تر



رۆژی 2020/1/12 گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی قسە بێسەروبەرەکانی حەسەن نەسروڵڵای دایەوە، لە بەشێکی وەڵامەکەیدا هاتووە "ئەو کەسەی کە گوایا نوێنەری ئێوە بووە و لە کاتی سەردانی بۆ لای سەرۆک بارزانی بەشدار بووە، دەبێت هەر هەمان کەس بێت لەگەڵ هاوچەشنەکانی خۆی، لە رۆژانی 16 و 20 و 26 ئۆکتۆبەری 2017 ئامانج و خەونی داگیرکردنی کوردستان بوو، بەڵام لە بەرامبەر خۆڕاگری و بەرگری قارەمانانەی پێشمەرگەدا، لەرزۆکانە و سەرشۆڕانە سەریان لە بەرد دا و خەونەکانیان لە گۆڕ نرا".

ئەمەش دەقی وەڵامەکەی گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە:

پێمان سەیرە کە بە دەنگێکی لەرزۆک و شێوازێکی هەرزەکارانە، هێرش دەکەیە سەر هەرێمی کوردستان و رێبەری نەتەوەیەک. تۆ کە چەندین ساڵە رەنگی خۆرت نەبینیوە و لە ژێرزەوییەکان خۆت حەشار داوە، کەچی ئیهانە و سووکایەتی بە گەلێکی قارەمان دەکەی. لە جیاتی ئەو هێرشە نابەجێیە، هەقبوو داکۆکی لەو نەتەوە ژێردەستە بکەی کە چەندین ساڵە ستەم و زۆرداری لێ دەکرێت.

ئەوە هێزی پێشمەرگە بوو، هەولێر و کوردستانی پاراست نەک خەڵکی تر. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە سوپاسی هەموو کەسێکمان کردووە کە یارمەتی ئێمەیان داوە، بەڵام ئەو کەسەی کە گوایا نوێنەری ئێوە بووە و لە کاتی سەردانی بۆ لای سەرۆک بارزانی بەشدار بووە، دەبێت هەر هەمان کەس بێت لەگەڵ هاوچەشنەکانی خۆی، لە رۆژانی 16 و 20 و 26 ئۆکتۆبەری 2017 ئامانج و خەونی داگیرکردنی کوردستان بوو، بەڵام لە بەرامبەر خۆڕاگری و بەرگری قارەمانانەی پێشمەرگەدا، لەرزۆکانە و سەرشۆڕانە سەریان لە بەرد دا و خەونەکانیان لە گۆڕ نرا.

تۆ کە لە ترسی نەیارەکانت ناوێری سەر هەڵبڕی، بۆ شەڕ بە نەتەوەیەک دەفڕۆشی کە هیچ پەیوەندییەکی بە تۆوە نییە. سەرۆک بارزانی رەمزی خۆڕاگری نەتەوەیەکە و تۆی ترسنۆک زۆر لەوە بچووکتری ئەو زمان درێژییە بکەی.

د.جووتیار عادل
گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2020/1/12

سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمان یاداشتێکیان دژی قسەکانی حەسەن نەسرواڵ بەرز کردەوە

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی: قسەکانی نەسرواڵا هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان و شکۆی پێشمەرگەیە



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئومێد خۆشناو رایگەیاند، هەر ئەندامێکی پەرلەمان دەیەوێت خانەنشینی پلە بااڵکان نەمینێت، ئەوا دەبێت لە خۆیەوە دەست پێ بکات و فۆرمێک پڕ بکاتەوە کە بڵێت من ئەندامییەتی خانەنشینیم قبوڵ نییە، ئەوە دەمانباتە جۆرێک لە دووڕکەوتنەوە لە موزایەدە. دوێنێ دووشەمە لەمیانی بەڕێوەچوونی دانیشتنی ئاسایی پەرلەمانی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژەیاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرمااڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئومێد خۆشناو رایگەیاند کە سەرجەم پەرلەمانتاران واژوویان لەسەر یاداشتێک کردووە سەبارەت بە هەڵوێستی فەرمیی پەرلەمانی کوردستان دەربارەی قسەکانی دوێنێی ئەمیندارى گشتی حزبوڵاڵی لوبنان، حەسەن نەسرواڵا تایبەت بە هەرێمی کوردستان.

ئومێد خۆشناو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: لەکاتی دەستپێکردنی کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان، داوامان لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد کە وەکو نوێنەری خەڵک هەڵوێستی خۆی هەبێت سەبارەت بەو ناهەقییەی لەلایەن حەسەن نەسرواڵا دەرهەق بە هەرێمی کوردستان کراوە و پێمان وایە ئەمە پێشلکاریی و ناوزڕاندنە و هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان و شکۆی پێشمەرگەیە.

ئومێد خۆشناو گوتیشی: بەخۆشحاڵییەوە بۆ یەکەمجارە لەم خولەی پەرلەماندا هەموو فراکسیۆنەکان هاوڕابوون لەسەر ئەم یاداشتە و واژوویان کردووە و پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی دەکەین لەماوەیەکی نزیکدا پەرلەمانی کوردستان وەڵامی ئەو ناهەقییە دەداتەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کەس جورئەتی ئەوە نەکات هێرشی نارەوا بکاتە سەر هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بە گفتوگۆکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر ناوەڕۆکی پڕۆژەیاسای چاکسازی، ئومێد خۆشناو گوتی: تا ئێستا شەش ماددەی ئەو یاسایە گفتوگۆی لەسەرکراوە و دوای چەند خولەکێکی دیکە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان کۆدەبینەوە بۆ ئەوەی لە دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکە کارەکان بەباشی بەڕێوەبچێت و ئەگەر گفتوگۆکان زۆربخایەنێت بە دڵنیاییەوە بەیانیش بەردەوام دەبین. ئومێد خۆشناو گوتیشی: دەکرێت هەندێک بیر و بۆچوونی خۆمان بەلاوەبنێین لەپێناو بەرژەوەندی گشتی، باش لەوە تێدەگەین کە خەڵک هەیە دژ وەستانەوەی بەرامبەر بەو یاسایەوە هەیە بەتایبەت ئەوانەی زەرەرمەند دەبن، خەڵکێکیش هەیە کە ڕای شەقام دروست دەکەن و ئێمەیش بە شەقام دەڵێین کە پەیامەکانیان گەیشت و ڕای شەقام بەرز دەنرخێنین، دەبێت کارێک بکەین لە ئاستی خواستی جەماوەربێت و مافی کەسی تێدا نەخورێت، بەشێوەیەک بێت دادپەروەری بچەسپێنێت.

لەبارەی پێشنیازی پڕکردنەوەی فۆرمێک لەلایەن پەرلەمانتارانەوە بۆ ئەوانەی خانەنشینی ڕەتدەکەنەوە، ئومێد خۆشناو گوتی: ئێمە ئەو پێشنیازەمان لە کۆبوونەوەی پەرلەمان کرد و هەندێک فراکسیۆن پێیان وایە ئەم یاسایە بە کەمینە و زۆرینە تێدەپەڕێت، بۆیە ئێمە پێشنیازی ئەوەمانکرد کە هەر ئەندامێکی پەرلەمان دەیەوێت خانەنشینی پلە بااڵکان نەمێنێت، ئەوا دەبێت لە خۆیەوە دەست پێ بکات و فۆرمێک پڕ بکاتەوە کە بڵێت من ئەندامییەتی خانەنشینیم قبوڵ نییە، ئەوە دەمانباتە جۆرێک لە دووڕکەوتنەوە لە موزایەدە و هەر ئەندامێک ڕەتی دەکاتەوە ئەوا دەستی خۆش بێت و با فۆرمەکە پڕ بکاتەوە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە ماوەی دوو ڕۆژە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژەیاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرمااڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان بەردەوامە و پێشبینی دەکرێت ئەمڕۆش کۆبوونەوەکە بەردەوامی هەبێت.

سەرۆکی حزبێکی عەرەبیی عێراقی:

حەسەن نەسرواڵا باوکی تیرۆرە

سەرۆکی حزبێکی عەرەبیی عێراقی بە تووندی وەڵامی قسەکانی حەسەن نەسرواڵا، ئەمیندارى گشتیی میلیشیای حزبواڵای لوبنانی دایەوە و بە باوکی تیرۆر ناوبرد. پاش قسەکانی لە بارەی هێرشی داعش بۆ سەر هەولێر و ناوهێنانی سەرۆک بارزانی، میسال ئالووسی، سەرکردەی ناسراوی عەرەبیی عێراقی و سەرۆکی حزبی ئومەی عێراقی لە تویتێکدا بە تووندی وەڵامی حەسەن نەسرواڵای ئەمیندارى گشتیی میلیشیای حزبواڵای لوبنانی دایەوە.

ئالووسی ڕایگەیاند: «لە نهۆمەکانی خوارەوە، لە نهۆمی چوارەمی ژێر زەوییەوە، لە ژێر باڵاخانەی نەخۆشخانەیەک لە گەڕەکێکی میللیی شاری بەیروتەوە، جورجە ترسنۆکەکە خۆی دەشارێتەوە». هاوکات نەسرواڵای بە ویرانکەری لوبنان کە دەستی بە خوێنی کەسانی بێتاوان سوورە، وەسف کردووە و دەڵێت: باسی شتێک دەکات کە نیەتی، ئەو باوکی تیرۆر و بەکرێگیراوانە.

هەر بەهۆی ئەو قسانەی لەبارەی هەرێمی کوردستان و سەرۆک بارزانی کردی، ئێوارەی ڕۆژی یەکشەمە 12ی1ی 2020 گوتەبێژی فەرمیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە تووندی وەڵامی دایەوە و ئاشکرای کرد کە قسەکان لە داخی ئەو شکستەیە کە لە ڕۆژانی 16ی ئۆکتۆبەردا ڕووبەڕووی حەسەن نەسرواڵا و هاوپەیمانەکانیان بووەوە.

د.بەشیر حەداد: ئەمڕۆ وەزیری پەروەردەی حکوومەتی فیدراڵ و بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی کەرکووک بانگهێشتی پەرلەمان دەکەین

دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕایگەیاند: دوای ئەوەی تێبینی کرا لە پڕۆسەی دامەزراندن لە دامودەزگاکانی پارێزگای کەرکووک و پشکی وەزارەتەکان لەو شارە نا دادپەروەرییەک ئەنجام دەدرێت کە ڕەچاوی هاوسەنگی نێوان پێکهاتەکان ناکرێت، ژمارەیەک لە ئەندامانی کەرکووکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەدواداچوونیان بۆ ئەو بابەتە کرد و بۆیان دەرکەوت کە دواییێن خشتەی دامەزراندن لە وەزارەتی پەروەردە کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەرکووکەوە دەرچووە نادادپەروەری تێدایە و پێکهاتەی کورد و تورکمان بەشی پێویستیان پێ نەدراوە لەو دامەزراندنە، بۆیە بڕیارماندا هەریەک لە وەزیری پەروەردە و بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی کەرکووک لەسەر ئەو بابەتە بانگهێشت بکەین و داوای ڕونکردنەوەیان لێ بکەین بزانین ئەو دامەزراندنە لەسەر بنەمایەک بووە .



جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژەشی بەوەدا، بەهۆی ئەوەی وەزیری پەروەردە پرسەی هەیە و لە نێو بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی دایە ڕەنگە خۆی ئامادە نەبێت، بەڵام نوێنەری وەزارەتەکەی ئامادە دەبێت و خودی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانیش سەرپەرشتی کۆبوونەوەکە دەکات.

دکتۆر بەشیر حەداد ڕاشیگەیاند: دەبێت کورد پشکی تەواوی خۆی لەو دامەزراندنانە وەربگرێت و ئەو ڕێژەیەش کە نزیکەی 2 هەزار و 800 پلەیە دەبێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر هەموو پێکهاتەکانی کەرکووک هەریەک بە قەبارەی خۆیان دابەش بکرێت و بە هەریەک لە وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرکووکیش ڕاگەیاندووە ئەو دامەزراندنانە ڕابگیرێن تاوەکو کۆبوونەوەکە ئەنجام دەدرێت و پاش ئەوە لەسەر میکانیزمێکی تازە و دابەشکردنێکی نوێ ئەو دامەزراندنانە ئەنجام بدرێنەوە.

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕاشیگەیاند کە ئەوان تەنیا بۆ وەزارەتی پەروەردەی ئەو کارە ناکەن و بۆ هەموو وەزارەتەکانی دیکە ئەو کارە دەکەن و ئەو وەزارەتانەش کە دامەزراندنیان هەیە بۆ نمونە وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتەکانی دیکەش پێویستە ڕەچاوی ئەو تایبەتمەندییە بکەن و هاوسەنگی نێوان پێکهاتەکان بپارێزن.

ئیسرائیل هەڕەشەی کوشتن لە حەسەن نەسرواڵا دەکات

نەسرواڵا لە ترسی ئەوەی نەکوژرێت لەژێر زەوی خۆی حەشارداوە



وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل، ئیسرائیل کاتز ڕاگەیاند کە ئەمیندارى گشتی حزبواڵا لوبنان، حەسەن نەسرواڵا دەکوژێن ئەگەر بەم شێوەی ئێستا لە هەڕەشەکانی بۆسەر ئیسرائیل بەردەوام بێت. ئیسرائیل کاتز تویتێکی بە زمانی عەرەبی بڵاوکردووەتەوە و تیایدا ئەوەی گوتووە: حەسەن نەسرواڵا واز ناهێنێت لە هێرشەکانی بۆسەر بێنیامین ناتانیاهو و هەڕەشەکردن لە ئیسرائیل لە کاتێکدا لە ترسی ئەوەی نەکوژرێت لەژێر زەوی خۆی حەشارداوە.

وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل، ئیسرائیل کاتز ئەوەشی گوتووە: حەسەن نەسرواڵا دەکوژین ئەگەر بەم شێوەی ئێستا لە هێرشەکانی بۆسەر بێنیامین ناتانیاهو و هەڕەشەکردن لە ئیسرائیل بەردەوام بێت. پێشتریش ئیسرائیل چەندین جارێک ڕایگەیاندبوو کە ئەمیندارى گشتی حزبواڵا لوبنان، حەسەن نەسرواڵا ماوەی چەندین ساڵە لە ترسی ئەوەی نەکوژرێت لەژێر زەوی خۆی حەشارداوە.

راوێژکاری ڕۆژنامەوانی سەرۆک بارزانی:

سەرۆک بارزانی لەگەڵ هەر بڕیارێکە هەموولایەک لەسەری کۆک بن و ئاشتی و سەقامگیری بهێنێتەدی

بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی ئەمەریکا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان پچڕانی تێنەکەوتووە



ئا-خالید گەردی:

لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ (نور نیوز)، کیفاح مەحمود راوێژکاری ڕۆژنامەوانی سەرۆک بارزانی سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، باسی لە چەندین پرسی سیاسی و بابەتی هەنووکەیی گرنک و تایبەت بە عێراق و کوردستان و ناوچەکە و ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لەچارەسەرکردنی ڕەوشەکە کردووە، لە خوارەوە دەقی چاوپێکەوتنەکە دەخەینە ڕوو:

نور نیوز: ئایا پێشبینی شەڕێکی کراوە لە نێوان تاران و واشنتۆن لەسەر خاکی عێراق دەکەیت، یا تەنیا بە ڕەتدانەوەی سەربازیی ئێران لە تۆڵەی کوشتنی قاسم سلێمانی کۆتایی دێت؟

ڕاوێژکاری سەرۆک بارزانی: پێشبینی ناکەم شەڕێکی کراوە بە واتا گشتییەکەی لە نێوانیان هەڵگیرسێت، بەڵام ململانێی ئابووری و هەواڵگری و کردەوەی جۆری وەک ئەوەی لەم دواییە ڕوویدا بەردەوام دەبێت، بەڵام ناگاتە ئاستی شەڕی سەرانسەری.

نور نیوز: سروشتی ئەو هاریکارییە چۆن دەبێت کە هەرێمی کوردستان بۆ ڕێگرتن لە هەڵگیرسانی شەڕی بەوکالەت لەسەر خاکی عێراق، دەتوانێت پێشکەشی بکات؟

ڕاوێژکاری سەرۆک بارزانی: هەر لەسەرەتاوە بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشەکە سەرکردایەتی کوردستان لەگەڵ لایەنەکان لە پەیوەندی دابوو، سێ کۆبوونەوەی گرنگی سەبارەت بەلێکەوتەکانی کوشتنی قاسم سلێمانی ئەنجام داو، داوای وەستاندنی ململانێی خوێناوی و دەستکردن بەدانوستاندنی کرد، هەڵوێستی هەرێمی کوردستان لە پەیامەکەی ئەم دواییەی سەرۆک بارزانی هەروەها وتوێژی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ڕەنگی داوەتەوە.

نور نیوز: ئایا سەرۆک بارزانی چاوی لەوە بڕیوە بە پالپشتی بەهێزی ئەمەریکا ئەونەی سەقامگیری و گەشەسەندنی کوردستان بەسەر عێراق بسەپێنێت؟

ڕاوێژکاری سەرۆک بارزانی: سەرۆک بارزانی لە کۆتا نامەیدا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی هەموولایەک بۆتەوە جەختی لەپەڕوکردنی دانایی و عەقڵ کردۆتەوە، هەروەها بۆ چارەسەرێکی دروستی کێشەکە پێویستە خۆیان لەهەڵچوون و عاتیفە بەدوور بگرن، سەرۆک داوای نەکردووە ئەوانەی کوردستان بەسەر کەسانی دیکە بسەپێنرێت، پەیامی کوردستانی پشتی بەوە بەستووە کە لەدەستووردا هاتووە کارکردن لەسەر جێبەجێ کردنی بە گیانێکی تەواو نیشتیمانییانە.

نور نیوز: ئایا ئەو پەیوەندی کردنە چڕی ئەم دواییەی ئەمەریکا لەگەڵ ئێران وەستاندنی پەیوەندی نێوان واشنتۆن و بەغدا بەهێزی دۆسیەی ئێران سەرچاوەی گرتووە، یا هەماهەنگیی نێوان ئەمەریکا و کورد هەر وەک خۆیەتی و هیچ ڕێککەوتنێکی هاوبەش بۆ قۆناغی داهاتوو لە ئارادا نییە؟

ڕاوێژکاری سەرۆک بارزانی: نا هەرگیز پەیوەندی ئەمەریکا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەک پچڕانی تێنەکەوتووە، وەک چۆن ڕاوێژکردن و وتوێژی سیاسی و سەربازی و ئابووری لەگەڵ حکوومەتی هەرێم لە ئارادایە، بەهەمان شێوەش لەگەڵ حکوومەتی فیدرالی لە پێناو سەقامگیری و ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر لە ئارادایە.

سەرچاوە: www.noornews.net

عێراق... ئەمەریکا لە هێرشکردنە سەر بنکەی ئاسمانی بەلەد نیگەرانە

مایک پۆمپیۆ: گرنگە ڕێگە بە گرووپە چەکدارەکان نەدرێت سەروەری عێراق پێشێل بکەن

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ ڕایگەیاند کە نیگەرانن لەو هێرشە موشەکییەی کە ڕۆژی یەکشەمە کرایە سەر بنکەی ئاسمانی بەلەد باشوور پارێزگای سەلاحەددین ناوەڕاستی عێراق و داواش لە حکوومەتی عێراق دەکات کە ئەنجامدەرانی هێرشەکە دەستگیر بکات و سزایان بدات.

ڕۆژی یەکشەمە هەشت موشەکی کاتیۆشا ئاراستەی بنکەی ئاسمانیی بەلەد باشووری پارێزگای سەلاحەددین کە هێزەکانی ئەمەریکای تیایدا جێگیرکراون کران و بە هۆیەوە دوو ئەفسەر و دوو سەربازی عێراقی بریندار بوون.

مایک پۆمپیۆ لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر سەبارەت بە هێرشەکە کاردانەوەی نیشانداوە و نووسیوویەتی "نیگەرانین لەو ڕاپۆرتانەی باس لەو هێرشە موشەکییە دەکەن کە یەکشەمە کرایە سەر بنکەی ئاسمانی بەلەد باشووری پارێزگای سەلاحەددین ناوەڕاستی عێراق، نزا دەکەم بۆ ئەوەی بریندارانی ئەو هێرشە زوو چاک ببنەوە، هەروەها داوا لە حکوومەتی عێراق دەکەم ئەنجامدەرانی هێرشەکە دەستگیر بکات و سزایان بدات.

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ جەختیشی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی کە گرنگە ڕێگە بە گرووپە چەکدارەکان نەدرێت سەروەری عێراق پێشێل بکەن. جێی باسە ڕۆژی پێنجشەمەی هەفتەی ڕابردوو بە هەمان شێوە ژمارەیەک موشەک ئاراستەی بنکەی بەلەد کرابوون، بەڵام هیچ زیانێکی لێنەکەوتوە. هەروەها دوو هەفتە لەمەوبەریش لە ئاکامی ئاراستەکردنی موشەک بۆسەر بنکەی بەلەد، سێ سەربازی عێراقی بریندار بوون.

عێراق هەوڵی کڕینی سیستەمی بەرگری ئاسمانی S300ی ڕووسی دەدات

سەعد جەواد قەندیل، باڵێۆزی عێراق لە تاران جەختی کردەوە، بەغدا خەریکی دانوستانە لەگەڵ ڕووسیا بۆ کڕینی سیستەمی بەرگری ئاسمانیی S300 ئاماژەشی بەوە کرد، ڕەنگە عێراق ئەو سیستەمە بکڕێت. قەندیل، لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئاژانسی سپوتنیکی ڕووسیایی ڕایگەیاند: بابەتی کڕینی سیستەمی S300 پێشنیارکراوە لەسەر مێزی گفتوگۆی نێوان عێراق و ڕووسیا و، ڕەنگە عێراق ئەو سیستەمە بکڕێت. قەندیل هەروەها ڕاشیگەیاند: پەیوەندییەکانی عێراق و ڕووسیا زۆرباشە، ئەمەش لەچوارچێوەی سووربوونی بەغدایە لەسەر پەیوەندی باش لەگەڵ هەموو وڵاتانی دراوسێ. هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد بەغدا سووڕە لەسەر فرەچەشنی سەرچاوەکانی چەک و، گرێبەستی چەکمان لەگەڵ ڕووسیا هەیە.



کۆنترۆڵکردنی بەشێک لە ئاگرەکەی ئوستڕالیا

لەگەڵ دابەزینی پلەکانی گەرما لە ویلایەتی نیو ساوس وێلز باشووری ڕۆژهەڵاتی ئوستڕالیا، بەشێک لەو ئاگرە کۆنترۆڵکرا کە ماوەی چەند مانگێکە ناوچەکەی گرتووەتەوە. بەرپرسانی یەکەی ئاگرکوژێنەوەی ئوستڕالیا، ئاماژەیان بەوە کرد کە دوای دابەزینی پلەکانی گەرما لە نیو ساوس وێلز بۆ یەکەمجار لە دوای هەوڵێکی زۆر توانرا بەشێک لە ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکرێت.

سەرۆکی تیمی ئاگرکوژێنەوە لە نزیک ناحیەی بۆدالا سەربە ویلایەتەکە، دالی ماکلین باسی لەوە کرد کە بەهۆی دابەزینی پلەکانی گەرما و کەمبوونەوەی جووڵەی تونددباکان توانیویانە کاریگەرتر ڕووبەڕووی ئاگرەکە ببنەوە.

بەرپرسانی کەشناسی ناوچەکەش بڵاویانکردەوە کە چاوەڕوان دەکرێت کەشوهەوای فێنکی ناوچەکە لە هەفتەکانی داهاتووشدا بەردەوام بێت.

هەروەها باس لەوە کرا کە بەهۆی ئەو بارانەی لە چیای گۆسپێرس باری ئاگرەکەی نزیک شاری سیدنی کە لە مانگی تشرینی یەکەمەوە دریژەی هەیە کۆنترۆڵکراوە.

بەهۆی ئەو ئاگرەی ماوەی چەندین مانگە لە ئوستڕالیا کەوتووەتەوە و ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت نزیکەی 10 ملیۆن هێکتار زەوی زیانی بەرکەوتووە و زیاتر لە دوو هەزار خانوو سووتاون و نزیکەی نیو ملیۆن سەر ئاژەڵ لەناوچوون. سەرۆکوەزیرانی ویلایەتی ڤیکتۆریا، دانیاڵ ئاندریوس باسی لەوە کرد کە لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئاگرەکە لە ناوچەکانی نیشتەجێبوون نزیکەی چوار هەزار کەس پەنایان بردووەتە بەر کەنار دەریاکان.

جێی باسە بەهۆی ئەو ئاگرەی لە مانگی ئەیلوولەوە سەرتاسەری ئوستڕالیای گرتووەتەوە 27 کەس گیانیان لەدەستداوە.

سەرۆکی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی ئەڵمانیا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و گروپی لۆوەر ساکسۆنی سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە دەکەن



پاولۆ براگانا، سەرۆکی ڕێکخراوی کۆمەڵگای ئەڵمانیا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، بە یاوەری شاندێکی گروپی لۆوەر ساکسۆنی ڕێکخراوەکەیان سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد و لەگەڵ مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوە.

سەرۆکی ڕێکخراوی کۆمەڵگای ئەڵمانیا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و شاندێکی یاوەری بۆ ئاشنابوون بە پێشکەوتنەکان و دواپەرەسەندنەکانی هەرێم و میکانیزمی جیبەجێکردنی پڕۆژەیەکی هاوبەش کە لە ڕابردوو دا بە هاوکاری لەگەڵ پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی و ژمارەیەک لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بیرۆکەکەی گەلاڵە بووە بۆ ئاشناکردنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراندنی ڕێکخراوێک کە بە دەستپێشخەری و پشتگیری کۆمەڵگەی ئەڵمانیا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵی بۆ دراوە و لە زۆرێک لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان ڕێکخراو و فیدراسیۆنی هاوشێوە هەیە بۆ کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان دامەزرێنن، بۆ ئەم مەبەستە شاندە ئەڵمانییەکە سەردانی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کرد و لەلایەن هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەب و ژمارەیەک لە هەڤاڵانی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بە گەرمی پێشوازی کران، لە دیدارەکە دا چەندین بابەتی گرنگ پەیوەست بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەڵمانیای فیدرالی دوای پێوست داعش و بەردەوامی پشتیوانی ئەڵمانیای فیدرالی و وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە شەڕی تیرۆر بۆ کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە و خستنەڕووی دیدگای پارتی لەسەر دووا پەرەسەندنەکانی ناوخۆیی و ناوچەیی و پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان.

هەروەها پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی داوایان کرد کە کۆماری ئەڵمانیای فیدرالی توانا کانی سیاسی و دیپلۆماسی خۆی لەسەر ئاستی یەکێتی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان و ناتۆ و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی تر بخاتە گەڕ بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان.

پاولۆ براگانا، لەسەر ناوی ڕێکخراوی ئەڵمانیا بۆ نەتەوەیەکگرتووەکانیش، سوپاسی پێشوازی گەرم و کۆبوونەوە و تێڕوانی پارتی کرد لەسەر پێشهاتەکانی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێو دەوڵەتی و خۆشحالی خۆی دەربڕی لە پشتیوانی و هاوکارییەکانی کۆماری ئەڵمانیای فیدرالی بۆ گەل و حکوومەتی هەرێم و پێشمەرگەی کوردستان و کولتووری بەرزی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و بەرەوپێشەوەچوونی ئاشتی و دیموکراسی و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان بەرز نرخاند.

هادی عامری: سەرۆکایەتی حەشدی شەعبی بەمەرج قبوڵ دەکەم

خەبات/مەریوان نەقشبەندی:

ئاژانسەکانی هەواڵ لە بەغداوە ئاماژە بۆ ڕازیبوونی هادی عامری سەرۆکی کوتلەی فەتح لە ئەنجومەنی نوێنەران بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی دەکەن، بەڵام هادی عامری ئەم پۆستە بە مەرج قبوڵ دەکات. دوای کوشتنی ئەبو مەهدی موهەندیس جێگری سەرۆکی دەستەی گشتی حەشدی شەعبی لە بۆردومانێکی ئەمەریکا لە سەرەتای ئەمساڵ لە نزیک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی لەشاری بەغدا، کاتێ لەپێشوازی قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودسی ئێران بوو کە ئەمەی دواییش لەگەڵ ئەبو مەهدی موهەندیس کوژرا، حزب و ڕەوتە شیعیە دەسەڵاتدارەکانی عێراق بەدوای جێگرەوەی ئەبو مەهدی و چارەنووسی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە عێراقدا دەگەڕێن و چەندین ناو خراوەتە بەرباس و گفتوگۆکانی هێزە سیاسییەکانی عێراق .

بەپێی سەرچاوەیەکی بەرپرس لە ڕەوتی حیکمە کە عەمار حەکیم سەرۆکایەتی دەکات، نیمچە کۆدەنگیەک لەناو هێزە شیعیەکان لەسەر دەستنیشانکردنی هادی عامری بۆ سەرۆکایەتی دەستەی گشتی حەشدی شەعبی لەعێراقدا دروست بووە، بەڵام هادی عامری دەڵێت بەو مەرجە ئەم پۆستە قبوڵ دەکەم کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دەنگی لەسەر بدرێت.



سەدان هەزار هاوڵاتیی کوردستان بێسەروشوێن کراون و چارەنووسیان دیار نییە

د. دیندار: حکوومەتی عێراق لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ بەدواداچوونی چارەنووسی 16420 بێسەروشوێنبووی سەردەمی رژێمی بەعس کە زۆربەیان هاوڵاتی هەرێمن



لە میانەی کۆبوونەوەکانی خولی 118ـەمینی تیمی کاری پەیوەست بە بێسەروشوێنبووانی زۆرەملێی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، کە لە جنێڤ بەسترا، داوای لە حکوومەتی عێراق کراوە کە زانیاریی تەواویان پێ بدات دەربارەی چارەنووسی 16420 کەسی بێسەروشوێنی سەردەمی رژێمی بەعس، کە زۆربەیان هاوڵاتیی کوردستانن، لەلایەن خۆیەوە حکوومەتی فیدراڵ لیژنەیەکی ناوەندەیی پێکهێناوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەندامە لەو لیژنەیە بۆ بەدواداچوونی کەیسەکان و یەکلاکردنەوەیان و ئەو کەیسانە دەگەڕێنەوە بۆ پێش پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە پاراستنی کەسەکان لە بێسەروشوێنبووانی زۆرەملێ لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە.

د. دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەی ناوبراو و 16420 چارەنووسی ئەو کەیسانەی دیاری کردووە، ڕایگەیاند: حکوومەتی فیدراڵی لیژنەیەکی ناوەندیی پێکهێناوە بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە کە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەو نوێنەرایەتییە حکوومەتی هەرێم ئەندامە لەم لیژنەیەدا بە مەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک دەربارەی چارەنووسی 16420 بێسەروشوێنی سەردەمی ڕژێمی بەعس و پێشکەشکردنی بە تیمی کاری پەیوەست بە بێسەروشوێنانی زۆرەملێی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی کەیسەکان "ڕووداوەکان" و لە ئێستادا لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم پێکهێناوە بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە کە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەو نوێنەرایەتییە حکوومەتی هەرێم ئەندامە لەم لیژنەیەدا بە مەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک دەربارەی چارەنووسی 16420 بێسەروشوێنبووانی زۆرەملێی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی کەیسەکان "ڕووداوەکان" و لە ئێستادا لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم بەدواداچوونیان بۆ دەکەین بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی لیژنەی ناوەندیی حکوومەتی فیدراڵەوە ڕاپۆرتێک پێشکەش بە تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بکرێت.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، تیشکی خستە سەر ئەو کەیسانە کە لەلایەن تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان باس کراون و زیاتر گوتی: لە سەردەمی ڕژێمی بەعس سەدان هەزار هاوڵاتیی کوردستان بە شێوازی جیاجیا بێسەروشوێن کراون و تا ئێستا چارەنووسیان دیار نییە و ئەو کەیسانەی کە تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان باسیان لێدەکات بەشێکی زۆر کەمن بە بەراورد بەو تاوانانەی دەرهەق بە گەلی کوردستان ئەنجام دراون. لە ساڵانی 1980 تاکو 2010 بە ڕێگای جیاجیاوە چەندین سکاڵا پێشکەش بە تیمی کاری نەتەوەیەکگرتووەکان تایبەت بە بێسەروشوێنانی زۆرەملێ کراوە لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و خاچی سووری نێودەوڵەتی یان لەلایەن کەسوکارییانەوە بۆ زانینی چارەنووسیان، ئەو کەیسانەی کە تایبەتن بە عێراق ژمارەیان 16420 دەبێت، کە بەشی زۆریان هاوڵاتیی هەرێمی کوردستانن و لە پرۆسەکانی ئەنفالی بارزانییەکان و بادینان و هەڵەبجە بێسەروشوێن کراون و تا ئێستا چارەنووسیان دیار نییە، تیمی کاری نەتەوەیەکگرتووەکان تایبەت بە بێسەروشوێنانی زۆرەملێ بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ لە ڕێگای ئەو لیژنە ناوەندییەوە کار دەکات بۆ یەکلایی کردنەوەیان بە تایبەتی لە بابەتی قەرەبووکردنەوەی کەسوکاریان، چونکە لە ڕووی یاساییەوە حکوومەتی ئێستای عێراق میراتگری حکوومەتەکانی پێش خۆیەتی و هەر پابەندبوونێکی یاسایی بکەوێتە سەری، پێویستە جێبەجێی بکات.

لە کۆتایی لێدوانەکەیدا، د. دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: تیمی کاری نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی 1980 لەلایەن لیژنەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ دامەزراوە و لە ژمارەیەک پسپۆڕی سەربەخۆ پێکهاتووە، بەدواداچوون دەکات بۆ کەیسەکانی بێسەروشوێنانی زۆرەملێ لەو وڵاتانەی کە ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی بێسەروشوێننی زۆرەملێیان پەسەند کردووە، تا ئێستا تیمی ناوبراو کاری لەسەر 50 هەزار حاڵەت کردووە لە زیاتر لە 80 وڵات و بەپێی پێویست کۆبوونەوەکانی خۆی ئەنجام دەدات، بە ئامانجی زانینی چارەنووسی قوربانیان بۆ کەسوکاریان بە تایبەتی ئەوانەی سکاڵایان پێشکەش بە تیمی کاری پەیوەست بە بێسەروشوێنانی زۆرەملێی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان کردووە.

عێراق.. سووتاندنی بارەگای ڕێکخراوی بەدر لە کەربەلا

کەربەلا... خۆپیشاندەران ئاگریان لە بارەگای ڕێکخراوی بەدری سەربە حەشدی شەعبی بەردا

سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند کە خۆپیشاندەران ئاگریان لە بارەگای ڕێکخراوی بەدر سەربە حەشدی شەعبی لە شاری کەربەلا بەرداوە. سەرچاوەکە باسی لەوەیشکرد کە خۆپیشاندەران هەوڵیان داوە هەڵبکوتنە سەر باڵەخانەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەربەلا کە داوتر هێزە ئەمنییەکانی دەستوەردانیان کردووە بۆ ئەوەی خۆپیشاندەران لە باڵەخانەکە دوور بخەنەوە کە بەهۆیەوە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان هەردوولادا ڕوویداوە.

زۆری بارەگاکە سووتاوە کە داوتر ئاگرەکە لە لایەن تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە کۆنترۆڵکراو کوژێندرایەوە.

سەرچاوەکە باسی لەوەیشکرد کە خۆپیشاندەران هەوڵیان داوە هەڵبکوتنە سەر باڵەخانەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەربەلا کە داوتر هێزە ئەمنییەکانی دەستوەردانیان کردووە بۆ ئەوەی خۆپیشاندەران لە باڵەخانەکە دوور بخەنەوە کە بەهۆیەوە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان هەردوولادا ڕوویداوە.

بەگوتەی سەرچاوەکە بەهۆی ئاگر تێبەردانەکەوە، بەشێکی بەشی خۆراکی ناو بارەگاکە سووتاوە و هەندێک لە چەکەکانیش لە ناو بارەگاکە دۆزراونەتەوە.

هەواڵدەرێکی ئاژانسی ڕۆیتەر ڕایگەیاندووە کە هێزەکانی ئاسایشی عێراق هێرشیان کردووەتە سەر بارەگاکە و ئاگرەکەیان کوژاندووەتەوە.

سوپای ئەمەریکا پشتیوانیی زیاتری ڕەوانەی بنکەکانی لە سووریا کرد

سوپای ئەمەریکا پێداویستی لۆجستی سەربازیی و ئۆتۆمبێلی زرێپۆشی ڕەوانەی بنکەکانی کرد لە کێڵگەکانی نەوت لە باکووری خۆرهەڵاتی سووریا. شەوی دووشەمە لە ڕێگەی دەروازەی سنووری ئەلوەلید لە سنووری عێراق/سووریا، کاروانێک کە پێکهاتبوو لە 120 بارهەڵگر چووە خاکی سووریاوە و لە ڕێگەی حەسەکە/ دێرازۆر بەرەو بنکەکانی ئەمەریکا چوو. لە کاروانەکەدا چوار ئۆتۆمبێلی زرێپۆش، 50 پیک ئاپ، بارهەڵگری سەرداپۆشراو و ژمارەیەکی زۆر تانکەری سووتەمەنی هەبوو. دوای ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتیی تورکیا، ئەمەریکا تیشکی خستووەتە سەر کێڵگە نەوتییەکان ژێر دەسەڵاتی یەپەگە/پەکەکە لە سووریا و سەدان بارهەڵگر پشتیوانی بۆ ڕەوانە کردووە. هێزەکانی ئەمەریکا لە پارێزگاکانی حەسەکە، ڕەققە و دێرازۆر کە لەژێر دەسەڵاتی یەپەگەدان لە سووریا، تێکڕا 11 بنکە و خاڵی سەربازیی هەیە. فەرماندە ئەمەریکییەکان لە 15ی تشرینی یەکەمی 2019دا لە دێرازۆر لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی ناوچەکە کۆبوونەوە و بەڵێنی نەکشانەوەیان پێدان.

بەلەمە نقومبووەکەی ئیتاڵیا زیاتر لە 15 کوردی تێدابووە



ڕووداو: بەلەمە نقومبووەکەی نێوان یۆنان و ئیتاڵیا زیاتر لە 15 کوردی تێدابووە و بەگوتەی سەرۆکی دەزگای لووتکە بۆ کاروباری پەنابەرانی هەرێمی کوردستان "تاوەکو ئێستاش بەشێکیان بێسەروشوێنن".

ئاری جەلال، سەرۆکی دەزگای لووتکە کە تایبەتە بە ئاوارە و پەنابەران ڕایگەیاند: بەدواداچوونمان بۆ ئەو بەلەمە کردووە کە لەنێوان یۆنان و ئیتاڵیا ژێرئاوکەوتووە، بەپێی بەدواداچوونەکانمان لەو بەلەمە زیاتر لە 15 کورد هەبووە، بەداخەوە بەشێکیان تاوەکو ئێستا چارەنووسیان نادیارە و بێسەروشوێنن.

سەرۆکی دەزگای لووتکە بۆ کاروباری ئاوارەو پەنابەران ئەوەشی خستەڕوو، ڕۆژی یەکشەممە 2020/1/12 یەخت‌ێکی دیکە لە کەناراوەکانی وڵاتی تورکیا ژێرئاو کەوتووە، بەڵام بەپێی بەدواداچوونەکانیان هیچ کوردێکی تێدا نەبووە. جێی باسە بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە لە کەناراوەکانی نێوان وڵاتی یۆنان و ئیتاڵیا بەلەمێکی کۆچبەران بە زیاتر لە 50 سەرنشینەوە ژێرئاو کەوتووە، کە دەگوترێت بەشێک لە سەرنشینەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستانن.



ئەڵمانیا.. دۆزینەوەی دوو بۆمبی سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم

سەرۆکایەتی شارەوانی شاری دۆرتمۆند ڕۆژئاوای ئەڵمانیا لە ڕوونکردنەوەیەکدا ئەوەی ئاشکرا کرد کە لە دوو شەقامی ئەو شارە دوو بۆمبی 250 کیلۆگرامی دۆزراونەتەوە کە یەکێکیان دروستکراوی ئەمەریکایە و یەکێکی دیکەیان دروستکراوی بەریتانیایە و میژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم. لە ڕوونکردنەوەکەدا ئەوەیش خراوەتەڕوو کە تیمێکی پسپۆڕ بەشێوەیەکی کۆنترۆڵکراو بۆمبەکانیان تەقاندوەتەوە، بەمەبەستی پاراستنی ژیانی هاوڵاتییانیش زیاتر لە 14 هەزار کەس گواستراونەتەوە بۆ جێگایەکی دیکە.

نۆرینگەیەکی پزیشکیش کە لە نزیک شوێنی بۆمبەکان بووە، نەخۆشەکانی ناوی گواستراونەتەوە بۆ چەند نەخۆشخانەیەکی دیکە. دوای تەقاندنەوەی بۆمبەکانیش، دووبارە ڕێگاکانی سەر ئەو دوو شەقامە بەڕووی هاتوچۆدا کرانەوە. جێی باسە ئەڵمانیا لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم مەیدانی جەنگەکە بوو و تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر بۆمبی ئەو کاتە ماون و هێشتا نەتەقیونەتەوە، ئەم بۆمبانە دوای دۆزینەوەیان لەلایەن تیمی پسپۆڕەوە لەناودەبرێن.

هاوسەری دەمیرتاش: تەندروستی دەمیرتاش زۆر خراپە و ستەمکارییەکی گەورەی بەرامبەر دەکرێ



K24: لە شاری ئیستانبوڵ، چیرۆکی دەوران کە لە ساڵی 2016 لەلایەن دەمیرتاش لە زیندانەوە نووسراوە، بە شانۆگەرییەک نمایشکرا. ئامادەکارانی شانۆکە ئاماژە بەوە دەکەن، لەبەر ئەوەی چیرۆکەکە لەلایەن دەمیرتاش نووسراوە، زۆر هونەرمەند بە ترسەوە کاریان لەسەر دەکرد و بەشێکیشیان ڕەتیانکردووەتەوە ڕۆڵ بگێڕن.باشاک دەمیرتاش، هاوژینی دەمیرتاشیش دەڵێت، ستەمکارییەکی گەورە بەرامبەر دەمیرتاش دەکرێت و سیستەمی داوەری تێکچووە. دەشڵێت، ئەنجامدانی ئەم کارە هونەرییە، بە واتایی یەکگرتووی دێت، هیوادارم ئەو یەکگرتوویییە بەردەوام بێت. ئاماژەی بەوەشکرد، ڕەوشی تەندروستی سەلاحەدین دەمیرتاش زۆر خراپە.

سەرکۆماری ئێران: ئەمەریکییەکان بەرپرسیارن لەو ڕووداوانەی کە بەم دواییە لە ناوچەکە ڕوویان دا




سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی ڕایگەیاند کە هەژموونی سەربازیی ئەمەریکا لە ناوچەکە گرژیی زیادکردووە و بووەتەهۆی تووڕەبوونی خەڵکی. بەپێی ڕوونکردنەوەی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی لە میانەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنییدا لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی سوید، ستیفان لۆفڤین سەرەخۆشی لێکردووە بۆ گیانلەدەستدانی ئەو هاوڵاتییە سویدیانەی کە لە ڕووداوی خستنەخوارەوەی فڕۆکە نەفەرهەڵگرەکەدا بوونەتە قوربانیی.

سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی باسی لەوە کرد کە دەکرێت کێشەکانی ناوچەکە بە ڕێگای سیاسیی و دانوستان چارەسەر بکرێن و پێویستە ڕێز لە سەروەری دەوڵەتان بگیرێت و ڕایگەیاند: هەژموونی سەربازیی ئەمەریکا لە ناوچەکە گرژیی زیادکردووە. ئەو ڕەوشە بووەتە هۆی ڕوحانی باسی لەوە کرد کە ئێران تا گەیشتن بە ئەنجامی کۆتایی بەردەوام دەبێت لەسەر لێکۆڵینەوە و ئەو زانیارییانەی بەدەستیهێنا لەگەڵ ڕای گشتیی جیهانی بەشی دەکات و گوتی: دەبێت هەوڵ و تەقەلا بدەین بۆ ئەوەی ئەو جۆرە ڕووداوە ناپەسەندانە دووبارەنەبنەوە لە جیهاندا.

حەسەن ڕوحانی باسی لەوە کرد کە دەکرێت کێشەکانی ناوچەکە بە ڕێگای سیاسیی و دانوستان چارەسەر بکرێن و ئەو زانیارییانەی بەدەستیهێنا لەگەڵ ڕای گشتیی جیهانی بەشی دەکات و گوتی: دەبێت هەوڵ و تەقەلا بدەین بۆ ئەوەی ئەو جۆرە ڕووداوە ناپەسەندانە دووبارەنەبنەوە لە جیهاندا.

تووڕەبوونی خەڵکی ناوچەکە. دەبێت هەمووان دەستلەناودەست ئاسایش بۆ ناوچەکە بگێڕینەوە. سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی هەروەها باسی لەوە کرد کە هێرشی ئێران بۆسەر بنکەی ئاسمانیی عەین ئەسەد بەپێی ماددەی 51 پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەچوارچێوەی بەرگریی شەرعیدا بووە و ڕایگەیاند: ئەمەریکییەکان بەرپرسیارن لەو ڕووداوانەی کە بەم دواییە لە ناوچەکە ڕوویاندا. دەبێت هەمووان بە شێوازێکی ڕوون و ئاشکرا تاوانەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە ئیدانە بکەن.

هەولێر.. پەیوەندییەکانی پارتی و کونسولی ئەمەریکا
پرسە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ دەکەن



لەدیداری بەڕێسی پەیوەندییەکانی پارتی و بەڕێسی کاروباری سیاسی لە کونسلی گشتی ئەمەریکا، پرسە سیاسیەکانی ناوچەکە و عێراق بەگشتی تاوتوێکران.

دوێنێ عەلی حسێن بەڕێسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دێموکراتی کوردستان بەئاماەبونی ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە (مارک پەجت) بەڕێسی کاروباری سیاسی لە کونسلی گشتی ئەمەریکا و (ڤەگێر سەعدولا) یاریدەدەری سیاسی لە کونسلی ئەمەریکا لە کوردستان کرد. لە دیدارێکدا بەڕێسی پەیوەندییەکانی پارتی کورتەباسێکی لەرەوشی سیاسی ناوچەکە بەگشتی و عێراق و هەرێمی کوردستان و عێراق و هەنگاوەکان بۆ چارەسەر کردنی ئەم رەوشە نالەبارەی کە لەناوچەکە هاتۆتە ئاراوە کرد.

هاوکات بەڕێسی سیاسی کونسلی ئەمەریکا هیوای خواست سالّی نوێ بۆ هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی سالّێکی باش بێت و دوور بێت لەهەموو کێشەیەک.

هەروەها تەئکیدی کردەوە ئەمەریکا بەدۆستی هەرێمی کوردستان دەمێنێتەوە و لەم پێناوەشدا پالّپشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لە هەموو پرسەکانی سیاسی و ئابووری و بەهێزکردنی موئەسەساتەکانی و چارەسەرکردنی کێشەکان، هاوکات تەئکیدی لە پەیوەندی هەماهەنگی بەهێز لەنێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و داعش لە ناوچەکەدا کردەوە.

به بڕیاری حکوومەت 180 پڕۆژەی بەڵێندەران دەکەونەوە کار

بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی یەکێتیی بەڵێندەران گوتی، ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێگەی لێژنەیەکی هاوبەشەوە دیراسەی نزیکەی 180 پڕۆژەی یەکێتیی بەڵێندەرانی کردووە و لەم هەفتەیەوە دەکەونەوە کار، کە هەر پڕۆژەیەکیش بکەوێتەوە کار، لەلایەن حکوومەتەوە پارەی بۆ تەرخان دەکرێت. بەشار عەلی رایگەیاند، دوێنێ لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران قسەمان کردووە و لیژنەیەکی هاوبەش هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران کە پێی دەگوترێت هاوبەشی هەموو وەزارەتەکان و، دیراسەی نزیکەی 180 پڕۆژەی بەڵێندەرانیان کردووە، بۆ ئەوەی تێیاندا دەست بە کارکردن بکرێت و تەواو بکرێن. عەلی دەشڵێ، ئەو لیژنەیە بڕیاری لەسەر دەدات لەم هەفتەیەدا دەست بە کار بکەنەوە و، هەر پڕۆژەیەکیش لەوانە دەست بە کار بکاتەوە، حکوومەت پارەی بۆ خەرج دەکات، بەو مەرجەی کە لە بانکەکانی حکوومەت پارەی کاش هەبێت، چونکە ئەگەر پارەی تێدا نەبێت، ناکرێت دەستیان پێ بکرێتەوە.

بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی یەکێتیی بەڵێندەران ئاماژەشی دا، ئەمە هەنگاوێکی زۆر باشە بۆ بەڵێندەران و ئەو پڕۆژانەی کە ڕاگیرابوون لە ساڵانی ڕابردوودا بە هۆی قەیرانی دارایییەوە، جارێکی دیکە دەست بە کار دەکەنەوە.

خشتەی دابەشکردنی مووچەی مانگی 10ڕاگەیاندرا

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەوەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، دوێنێ دووشەمە 13ی1ی2020 مووچەی مانگی 10ی ساڵی 2019ی وەزارەتی پێشمەرگە و دیوان و لیواکان دابەشکران و ئەمڕۆ سێشەمەش مووچەی یەکەی 70، 80 دابەش دەکرێت.

بۆ ڕۆژی چوارشەمە 15ی1ی2020 مووچەی وەزارەتی پەروەردە و ڕۆژی پێنجشەمەش مووچەی وەزارەتی دارایی و ئابووری دابەش دەکرێت. شایانی باسە، چەند ڕۆژێک بەسەر دابەشکردنی مووچە دواکەوتووە و ڕاگەیەندرا کە هۆکارەکەی کێشەی تەکنیکی بووە.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان لە خانەوادەی کۆیخا فارسی مێشەڕۆ

بەپەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و کەسایەتی دیاری دەڤەری پێنجوێن و شلێر (فارس مستەفا عەزیز) ناسراو بە (کۆیخا فارسی مێشەڕۆ)مان پێگەیشت.

سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین و هاوخەمی بۆ خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەردەبڕین.

لە خودا داواکارین سەبوری و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات.

إنا لله وإنا إليه راجعون
بارەگای بارزانی

***

بەڕێز فرێاد ئەحمەد ڕەشید قەلادزەیی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (مەریەم حەسەن محەمەد)ی هاوژینی بەڕێزتانمان پێگەیشت.

سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و خانەوادەکەتان دەکەین، هاوبەشی خەمی خزم و دۆست و ئاشنایانتانین.

خودای گەورە دڵنەوایی و ئارامیتان پێبەخشێت و خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات.

إنا لله وإنا إليه راجعون
بارەگای بارزانی

هەولێر.. لەسەر ئەرکی خێرخوازێک نەخۆشخانەیەکی لەدایکبوون و منداڵان دروست دەکرێ

خەبات ـ فاتیح بەرزنجی:

د.دلزڤان محەمەد بەڕێوەبەری گشتی تەندروستیی هەولێر بە(خەبات)ی ڕاگەیاند: بڕیارە ئەمساڵ لە سەنتەری شاری هەولێر نەخۆشخانەیەکی گشتی لەدایکبوون و منداڵان بەتەواوی بەش و هۆبەکانیەوە لەسەر ئەرکی خێرخوازێک دروست بکرێت ، ئەمەش یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ کەمکردنەوەی گوشار لەسەر نەخۆشخانەی پارێزگای هەولێر، جگە لەبوونی چەند هۆڵێکی لەدایکبوون و نەشتەرگەریی ئافرەتان.

ڕاشیگەیاند: زەویەکان بۆ نەخۆشخانەکە دابین کردووە بەڵام دەمانەوێ بە دوای شوێنێکی تەواو گونجاودا بگەڕێین بۆ ئەوەی هەموو دانیشتووانی شارەکە سوودی لێ ببینن، ئەمە جگە لە ئامادەکردنی دیزاینی پڕۆژەکە کە بەشێوەیەکی ستانداردی جیهانی دروست دەکرێت.

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر ئاماژەی بە ئەوەش کرد بەهۆی قەیرانی دارایییەوە ماوەی چەند ساڵێکە حکوومەت نەیتوانیوە نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی بونیاد بنێت, بەڵام حکوومەت پلانی هەیە بەپێی پێویست دامەزراوە تەندروستییەکان زیاد بکات.

چار کەسان ژبەر ئەنفلونزا وەرزی گیانی خوە ژدەستدایە

خەبات ـ دهوک:

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە پشت بەستن بە ماددە (143/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددەی 456 لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (9) بەیانی لەڕێکەوتی 4/3/2020بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:12/ک/2020
ڕێکەوت: 5/1/2020
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (صباح صالح حمدی)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (143/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددەی 456 لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (9) بەیانی لەڕێکەوتی 4/3/2020بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:11/ک/2020
ڕێکەوت: 5/1/2020
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (ریان جوهر طه)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (143/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددەی 456 لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (9) بەیانی لەڕێکەوتی 3/3/2020بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:10/ک/2020
ڕێکەوت: 5/1/2020
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (بازران بارانی حسین)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (143/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددەی 456 لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (9) بەیانی لەڕێکەوتی 3/3/2020بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:9/ک/2020
ڕێکەوت: 5/1/2020
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (هیثم فاروق حنا)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (143/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددەی 453 لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (9) بەیانی لەڕێکەوتی 4/3/2020بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:123/ک/2015
ڕێکەوت: 5/1/2020
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (**کریمة سمین حسن**)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (143/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی
دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددەی 456 لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (9) بەیانی لەڕێکەوتی 4/3/2020 بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:6/ک/2020
ڕێکەوت: 5/1/2020
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (چنار توفیق بکر)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (143/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددەی 456لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (9) بەیانی لەڕێکەوتی 3/3/2020 بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم
تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:223/ک/2015
ڕێکەوت: 5/1/2020
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (**کریمة سمین حسن**)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (143/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددەی 377لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (9) بەیانی لەڕێکەوتی 3/3/2020 بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم
تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:5/ک/2020
ڕێکەوت: 5/1/2020
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو
(حامد عبد حمد ساير)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (143/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددەی 377لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (9) بەیانی لەڕێکەوتی 3/3/2020 بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم
تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:124/ک/2017
ڕێکەوت: 7/1/2020
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو (سرکوت معروف حسین -ریبوار یاسین ولی)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (143/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددەی 446لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (9) بەیانی لەڕێکەوتی 3/3/2020 بۆ دادگایی کردنتان بەپێچەوانەوە خۆتان بەرپرسیار دەبن بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم
تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:122/ک/2015
ڕێکەوت: 5/1/2020
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (یحیی خالد محمود)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (143/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددەی 453لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (9) بەیانی لەڕێکەوتی 4/3/2020بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم
تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:2015/ک/2017
ڕێکەوت: 5/1/2020
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (ریان جوهر طه)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (143/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددەی 456لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (9) بەیانی لەڕێکەوتی 3/3/2020بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***

وەزارەتی کارەبا
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ژمێریاری ئاسایی
ژمارە: 214
ڕێکەوت: 12/1/2020

زیادکاری ئاشکرا

وەزارەتی کارەبا زیادکارییەکی ئاشکرا ڕادەگەیەنێت بۆ فرۆشتنی نزیکەی (80) هەشتا تەن ئاسنی سکراپ و (40) چل تەن پارچە کێبڵی هەمەجۆری بەکارهاتوو.

کە لە گۆڕەپانی پرۆژەی وێستگەی 300میگاواتی خەبات کۆکراوەتەوە هەرکەس و لایەنێک ئارەزووی بەشداربوونی هەیە و دەیەوێت زانیاری پێویست وەربگرێت با سەردانی شوێنی ناوبراو بکات لە قەزای خەبات یان سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری ئاسایی بکات لە دیوانی وەزارەت بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویست.

مەرجەکانی بەشداربوون:

1- ئەم زیادکاریە لە ڕۆژی (دوو شەممە) ڕێکەوتی 27/1/2020 کاتژمێر 10ی سەر لەبەیانی لە شوێنی پرۆژەی وێستگەی خەبات لەقەزای خەبات بەڕێوەدەچێت.

2- کرێی بڵاوکردنەوە و بانگەواز لەسەر ئەو لایەنە دەبێت کە زیادکاریەکەی بۆ دەردەچێت.

3- پێویستە بەشداربوو قەرزاری باجی دەرامەت نەبێت.

4- دانانی بارمتەی سەرەتایی بەڕێژەی (20%) ی نرخی خەملێنراوی کەرەستەکان.

5- ئەو لایەنەی زیادکارییەکەی بۆ دەردەچێت دەبێ دوای سپاردن لە ماوەی یەک مانگ هەموو کەرەستەکان هەڵگرێت بە پێچەوانەوە دوای ئەم بەرواره کرێی ڕۆژانەی لەسەر هەژمار دەکرێت بەبڕی 100000سەد هەزار دینار بۆ هەر ڕۆژێک.

6- کەرەستەکان دەبێ لەڕێگای لیژنەیەکی تایبەت ڕادەستی زیادکار بکرێت.

ئەندازیار
کمال محمد صالح
وەزیری کارەبا

دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددەی 446 لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (9) بەیانی لەڕێکەوتی 10/3/2020بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:223/ک/2015
ڕێکەوت: 5/1/2020
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (**کریمة سمین حسن**)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (143/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددەی 377لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (9) بەیانی لەڕێکەوتی 3/3/2020 بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم
تەرزە سالار عثمان
***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەک دەکەینەوە کۆمپانیای (دیلمان مولود بایز) بۆ بازرگانی گشتی و کامێرای چاودێری/تاک) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێک یان هەر لایەنێک مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

www.xebat.net
سێ شەممە 2020/1/14 ژمارە (5910)
خەبات



ئەمەریکا لە 2019

ئەو پرسانەی ناکۆکییان لە نێو کۆشکی سپی نایەوە

ئا: خالید گەردی

سالی 2019بۆ ئەمەریکا بەگشتی و بۆ کۆشکی سپی بە تایبەتی سالێکی پڕ رووداو کێشمەکێش بوو ، کە میژوو تۆماری کردوون، ئەم تەحەدیانەی لەمساڵەدا رووبەڕووی ئیدارەی ترەمپ بۆوە، زۆر کەم رووبەڕووی ئیدارەکانی پێش ئەو بۆتەوە. بەجۆرێ ترەمپ سێیەم سەرۆکی ئەمەریکایە لە میژووی ئەو وڵاتە ئەنجوومەنی نوێنەران هەوڵی دوورخستنەوەی لە پۆستەکەی بدات، کەسایەتی ترەمپ زۆر لە کەسایەتییە سیاسییە کلاسیکییەکان جیاوازبوو ، ناکۆکییەکانی لەگەڵ دیموکراتەکان وایکرد کار بۆ لابردنی لەسەر کورسی سەرۆکایەتی بدەن، کەسایەتییەک بوو نەک تەنیا هەر تەحەدای دیموکراتەکانی کرد.

1

بەڵکو تەحەدای زۆرێک لەسەرکردە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکای هەر لە ئەنجیلا میرکلی راوێژکاری ئەڵمانیا تا ئیمانویل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا و جاستن ترودوی سەرۆکی کەنەداشی کرد ، دوور لە ڕێکارە کار پێ کراوەکان، لە دەربڕینی هەڵوێستەکانی لەسەر بابەتەکان پشتی بە (تویتەر) دەبەست و لە میانەی ئەم تۆڕە گرنگرترین بڕیارە سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ڕادەگەیاند، لە ڕێگای تویتەوە بوو ئەمریکییەکانی لەکشانەوەی سوپاکەی لە سووریا ئاگادارکردەوە، هەر لەو ڕێگایەوە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی وەشاندنی گورزی سەربازی لە ئێران بڵاوکردەوە هەروەها بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەی یا ئیقالە کردنی بەرپرسەکانی ئیدارەکەی و قەدەغەکردنی گەشت کردنی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بەهۆی داخستنی حکوومەت ڕادەگەیاند. ئەمە جگە لەوەی ڕۆژانە هەر لەو ڕێگایەوە ڕەخنەی لە ڕۆبەرت مۆلەری لێکۆڵەری تایبەت و دیموکراتەکان دەگرت و سەرکۆنەی هەوڵەکانی دوورخستنەوەی دەکرد. ئەوەی مایەی گومان نییە لێکەوتە سیاسییەکانی پار تا ئەم ساڵەش واتا ساڵی 2020 بەردەوام دەبێت کاریگەری بەسەر دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و یاسادانان لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2020دەبێت.

دڕێژترین داخستنی حکوومەت لەمێژووی ئەمەریکادا

لەبەرەبەیانی یەکەم ڕۆژی مانگی کانوونی دووەمی پار ساڵ، ئەمریکییەکان بۆ سێیەم جار لە سەر داخستنی حکوومەتەکەیان لەسەردەمی دۆنالد ترەمپ وەئاگا هاتن، بەڵام نەیانزانی لە میژووی وڵاتەکەیان داخستنەکە دڕێژترین داخستن دەبێت ، کە سەرەتا لە ڕۆژی 22ی کانوونی یەکەمی ساڵی 2018بەهۆی تووندبوونی ناکۆکییەکانی نێوان کۆشکی سپی و کۆنگرێس دوای سەرکەوتنی زۆرینەی دیموکراتەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەران بە داخستنی بەشێک لەدەزگا حکومییەکان دەستی پێکرد، هۆکارەکەشی دۆسیەی کۆچی نایاسایی و دورستکردنی دیوارێک بوو لەسەر سنووری مەکسیک بەمەبەستی ڕێگری کردن لە هاتنی پەنابەران، لێرەدا دیموکراتەکان بەبێ مەرج رازی بوون خەرجی بۆ دەزگا حکومییەکان دابین بکرێت، هەرچی کۆشکی سپیش بوو سوور بوو لەسەر ئەوەی تێچووی دروستکردنی دیوارەکەشی بخرێتە سەرو پارەی پێویستی بۆ تەرخان بکرێت، بەڵام لەگەڵ وەرگرتنی کورسی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران لەلایەن نانسی بیلوسی لە ساڵی نوێ، کێشەکە ئاڵۆزبوونی زیاتری تێکەوت و تروسکاییەک بۆ گەیشتن بە هەر ڕێککەوتنێک بوونی نەما.پەیوەندییەکانی نێوان دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکاو نانسی بیلوسی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران لە باشترین حاڵەتیدا بارگاوی و پڕکێشە بووە، زۆر کەم قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن، هەر کاتێکیش قسەیان لەگەڵ یەکتر کردبێت، کێشەو ناکۆکی لە نێوانیان سەری هەڵداوەو یەکێک لەو دووانە هۆڵی کۆبوونەوەکەی بە تووڕەیی جێ هێشتووە، کە پێشتر لەمێژووی ئەمەریکا کاری وا ڕووی نەداوە.

دەست لەکارکێشانەوەی بەرپرسە باڵاکان لە ئیدارەی ترەمپ

سیمایەکی دیکەی کە سەردەی سەرۆکایەتی ترەمپ لەسەرۆکەکانی دیکە جیا دەکاتەوە سەرهەڵدانی ناکۆکییەکانی بوو لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی ئیدارەکەی و دەست لەکارکێشانەوەی هەندێکیان بووە لە ئیدارەکەی، دۆنالد ترەمپ بەبێ بوونی وەزیری بەرگری پێی نایە ساڵی نوێوە، ئەمەش دوای ئەوە هات جیمس ماتیس بەهۆی ناکۆکییە قوڵەکانی نێوانیان لەلایەک و دژایەتی کردنی بڕیاری کێشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەسووریا بەشێوەیەکی لە ناکاو کتوپڕ لەلایەن ترەمپەوە هەروەها دیراسەتکردنی کێشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان لەلاکەی دیکەوە جیمس ماتیسی وەزیری بەرگری دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە پۆستەکەی پێشکەش تەرەمپ کرد.دەست لەکارکێشانەوەکەی ژەنەرالە خانەنشین بووەکە، دوای ڕۆژێک لە ڕاگەیاندنە لە ناکاوەکەی کێشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریا و جارِدانی سەرکەوتن بەسەر ڕێکخراوی داعش هات، بە جۆرێ لێدوانەکانی ترەمپ بەتایبەتیش داواکەی ترەمپ لە پنتاگۆن کە داوای لێکردبوون دیراسەتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان بکەن سەرەڕای بەرهەڵستی کردنی لەلایەن جیمس ماتیسەوە، هەردوو وەزارەتی بەرگری و دەرەوەی هەژاند، بەرپرسانی هەردوو وەزارەت پێچەوانەی لێدوانەکانی ترەمپ جەختیان لەسەر کۆتایی نەهاتنی شەڕی داعش دەکردەوە.

هەواڵی دەست لەکارکێشانەوەکەی جیمس ماتیس کاردانەوەی گەورەی لەلایەن نێودەنە سیاسییەکانی واشنتۆن لێکەوتەوە، باشترین بەڵگەش لێدوانەکەی میتیش مکونیلی سەرۆکی زۆرینەی کۆماریپەکانە لە ئەنجوومەنی پیران کە بەیەکێ لە هاوپەیمانە نزیکەکانی ترەمپ دادەندرێت کە ئەو کات گوتی هەواڵی دەست لەکار کێشانەوەی ماتیس غەمباری کردم، نیگەرانم بەهۆکاری ناکۆکییە قوڵەکانی لەگەڵ سەرۆک دەربارەی سیما بنەڕەتییەکانی ڕۆڵی سەرکردایەتیی لە جیهان، کە ولایەتە یەکگرتووەکان دەیگێڕێت، دەستی لەکارکێشاوەتەوە.

کەسایەتییەکی دیکەی ناسراو کە ئیدارەی ترەمپی جێهێشت، دان کوتسی بەڕێوەبەری هەواڵگری نیشتمانیی بوو، پێشتر لە هەردوو ئەنجوومەنی نوێنەران و پیران خزمەتی کردووەو لەسەردەمی بوشی کوڕ باڵیۆزی وڵاتەکەی بوو لە ئەڵمانیا ، دەست لەکار هەڵگرتنەکەشی بەهۆی هەوڵەکانی ئیدارەی ترەمپەوە بوو بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئەمەریکابوو لە گەڵ ڕوسیا بەهۆی دەستێوەردانەکانی لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا.جۆن کیلی گەورە فەرمانبەری کۆشکی سپی و وەزیری ئاسایشی نەتەوەیی پێشوو، ئەویش دەستی لەکار کێشایەوە، کە هەوادارانی گوتوویانە بوونی کیلی لە کۆشکی سپی لە زۆر دۆسیە یارمەتیدەرێکی باش بووە بۆ ترەمپ، ناوبراو توانیویەتی ترەمپ لە دەرکردنی بڕیاری کێشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەندامێتی هاوپەیمانی ناتۆ. پاشگەزی بکاتەوە.

زمانی ژمارە

مووچەی ساڵانەی بەشێک لە پادشا و سەرکردەکانی جیهان



خاتو ئەلیزابێسی دووەم ، شاژنی بەریتانیا : 107.4ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا.
لویس فیلیپ ، پادشای بەلژیکا : 14.4ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا .
خاتو مارگریتی دووەم ، شاژنی دانیمارک : 13.5ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا .
نارۆ هیتۆ، ئیمپراتۆری ژاپۆن : 3ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا .
دۆنالد ترامپ ، سەرۆکی ئەمەریکا : 400هەزار دۆلار لە ساڵێکدا .
ولیام ئەلکسەندەر ، پادشای هۆڵەندا : 1ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا .
سکۆت مۆریسۆن ، سەرۆکوەزیرانی ئوسترالیا : 594هەزار دۆلار لە ساڵێکدا.
ئولی ماوەر ، سەرۆکی سویسرا : 448هەزار دۆلار لە ساڵێکدا .
ئەلکسەندەر ڤان دێر ، سەرۆکی نەمسا: 404.5هەزار دۆلار لە ساڵێکدا .

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1952:
جارێکی دیکە جۆزیف بروز تیتۆ بۆ پۆستی سەرۆکی کۆماری یوگسلافیا هەڵبژێردرایەوە .



ساڵی 1958:
هۆڵەندا وەک یەکەم وڵات باڵیۆزخانەی خۆی لە شاری قودس کردەوە .



ساڵی 1999:
ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا دەربارەی مۆنیکا گیت دەستی بە دادگاییکردنی سەرۆک بیل کلینتۆن کرد .



ساڵی 2010:
بە تۆمەتی پلاندانان و ئەنجامدانی تەقینەوە لە بەغدا ، دادگایەکی عێراقی سزای لەسێدارەدانی بەسەر 11 کەسدا سەپاند .



ساڵی 2016:
ڕێکخراوی تەندروستی جیهان هەواڵی بنبڕکردنی نەخۆشی ئیبۆلای لە ڕۆژئاوای ئەفریقیا ڕاگەیاند .



ساڵی 2017:
لە ڕووباری غانجی شاری باتنای هیندی کەشتیەک ژێرئاو کەوت و لە ئەنجامدا 25کەس کوژران .

www.xebat.net
ژمارە (5910) 2020/1/14 سێ شەممە





عێراق و لوبنان..
ڕاپەڕینی ناسنامە

هیلە ئەلشەوح

گرەنتی بۆ هیچ گەلێک لەسەر ڕووی زەویدا نییە، زێتر لە دەستگرتنی بە ناسنامە، سەربەخۆیی، نیشتمانەکەی نەبێت. چونکە نیشتمان بە هەموو پێکهاتە وڕەیی، مادەی و دیۆگرافییەکەی، بریتییە لە کەرامەت و سەقامگیری، هیچ ناسنامەیەکیش شوێنی ناسنامەی نیشتمانی ناگرێتەوە. دوای چەندین ئەزموونی تاڵ، کە گەلی عێراق پێیدا تێپەڕی، عێراقییەکان دڵنیابوون لەوەی، ناسنامەی ئایینی و مەزهەبی، نیشتمانەکەی لێ دزین و ناسنامەی ڕاستەقینەشی لێ شێواندن.

هەردوو گەلی عێراق و لوبنان، بەیەک ئامانج و بەیەک پالنەریش، ڕژانە سەر شەقامەکانی بەغدا و بەیروت، ئەویش شۆڕشکردنە لە پێناوی کەرامەت و شەرەف، ئەو شۆڕشەی گەلی عێراق، بە ئاشکرا و لەبەر ناڕەزایی، لە دروشمە بەرزکراوەکانی چڕی کردەوە، گەلی لوبنانیش، هەمان شتی کرد و دروشمی تایبەت بەخۆی گوتەوە: ((هەموویان واتە هەموویان، نەسرۆڵاش یەکێک لەوانە))، وەکو دووپاتکردنەوەیەک لەسەر پێویستی دوورخستنەوەی (حزبوڵڵا) لە ڕێکخراوەی سیاسیی لوبنانی، کە بەهۆی ئەوەوە تووشی ئەو هەموو گەندەڵییە بووە. ئەوەی لە هەڵچوونی هەردوو گەل لەسەر شەقامەکانی هەردوو پایتەخت بڕوانێت، سەرنج دەدات، هەردووکیان چاو دەخەنە سەرگەندەڵی حکوومەتەکان، لە سایەی خۆبەندی دەرەکیی، کە هیچ بایەخ نە بە نیشتمان، نە بەگەل و نە بە ئابووری نادەن، بەڵکو بە جۆرە ڕووێک دەجوولێنەوە، کە خۆی لە بەڵێنی لاستیکیی، ڕووداوی فانتازی تژی لە ئاخنراوی ئایینی، کە نەست تێدەپەڕێنێت بەسەریاندا زاڵە، بەمەش هەموو خانەیەکی مێشک، بەنگ دەیگرێت و گوێرایەڵی هەموو ئاخنراوێکی لاستیکیی دەبێت!

لە دیمەنی لوبناندا، ئەو هوتافە دووبارە دەبێتەوە ((هەموویان واتە هەموویان))، وەکو باسمکرد، بەڵام ئەو شتەی مایەی پێکەنینە ئەوەیە (هەموویان)ـەکە، خۆیان لە گەندەڵی بێبەری کرد و هاوسۆزیان لەگەڵ شۆڕشی شەقامی لوبنان دەربڕی، لەمیانی دانی چەند بەڵێنێک، کە پێیان وایە، لەوانەیە ڕادەی پەشێوی لە داهاتوودا کەم بکاتەوە، ئەوەی بەدڵنیاییەوە یەک بەیەک لە زەویان دەدات، بە ویستی گەل، تەنیا بە ویستی گەل و هیچی تر نا، مەبەستیشم لە (هەموویان)، ئەو سیاسەتکارانەیە کە هەوڵ دەدەن خۆیان لەو ڕاستییە بدزنەوە، کە هەر دەبێت ڕوو بدات، ئەویش هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران و هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێش وەختەیە، ئێستا هەموویان دەستپاک بوونە!، وای لێهاتووە هەموویان بەدوای چارەسەری بۆ ئەو گەندەڵییەدا دەگەڕێن! و هەموشیان دەستیان بە کورسییەکەی خۆیانەوە گرتووە. بەڵام خەیاڵیان خاوە، ئاماژەکان نیشانەی گڕگرتنی زیاتریان لە شەقامی لوبنان هەڵگرتووە، هەر بۆیە ئاکامەکان کەمتر لە کۆماری سێیەم، یان هەڵوەشانەوەی هەموو پرۆسەی سیاسیی نابێت، ئەوەش دوای دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی حکوومەت، سەعد ئەلحەریری، زۆر نزیکتر بووەتەوە. ڕەوشی لوبنان ئاڵۆز و پەشۆکاو بووە، دوای چەندین دیە لە هەژموونی میلیشیاکان لەنێو دەوڵەتی لوبنانیدا، تاکو وای لێهاتووە، حەسەن نەسروڵڵا، ئەمینداری گشتی (حزبوڵڵا) بووەتە خاوەن بڕیار، لێدوانەکانی فەرمانی ڕەت نەکراوەن و لێپرسینەوەیان لەسەر نییە، پارتەکەشی لە زیادەڕۆییکردنی چەکداریی دڕێغی نەکردووە.

لەوانەیە مشتێک لە سیاستەکاری پاڵپشتیکراو بە چەکی میلیشیاکان، بتوانن هەژموونێکی کاتی بەدەست بێنن، چ لە عێراق و چ لە لوبنان، بەڵام بەدڵنیاییەوە، هەرگیز ناتوانن گەلی هۆشیار کەمەندکێش بکەن، کە لەسەر بەڵێنەکان نالەوەڕێت و هاوارەکانی نەسروڵڵا، سکی تێر ناکەن، گوللەی نیشانشکێنەکانی (حەشدی شەعبی)یش، لە گۆڕەپانەکانی بەغدا و کەربەلا، وەری پێ بەرنادەن. لەیەکەم ڕۆژی مانگی ئۆکتۆبەرەوە، تاکو ئەمڕۆ، گەلی عێراق لە خۆپیشاندان دایە، بێئەوەی لاشەی کەوتووەکان و خوێنی بریندارەکان، لە گۆڕەپانەکانی کەرامەت بیەهێنن. عێراقییەکان- بە سوننە و شیعەوە-لە پێناوی کەرامەت، نیشتمان و ناسنامە چوونە دەرەوە و مەقامە خۆشەکەیان (مەنسوورە یا بەغداد- سەرکەوتووی ئەی بەغدا) دووبارە دەکەنەوە!.

لە ڕاستیدا، پرسیارێکم هەیە کە لەمێژە بە مێشکمدا دێت، لەوەتەی حزبوڵڵا، بووەتە ئامادەی هەردەم لە دیمەنی سیاسیی لوبناندا، ئەویش ئەوەیە: چۆن لوبنان، نموونەی جوانی، چۆن گەلێک هاوشێوەی گەلی لوبنان، بە مێشکە کراوەکەی بە ڕووی جیهان، ئومێد و ژیارییە بەرچاوەکەی، بە ئاسانی ڕادەست بووە، بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە، خۆی ڕادەستی هێماکانی دواکەوتوویی، کۆنەپەرستی و لاساریی کردووە؟ چۆن لوبنان، خاوەنی خەبات، خۆشەویستی، مۆسیقا، مۆدە، جوانی، شاعیران، فەیروز، کاژ و بانە سپیەکان، ڕێگەی بە میلیشیا ناشیرینەکان داوە، دزە بکەنە نێو دڵی جوانی و پیسی بکەن؟ چۆن ڕەشایی توانیویەتی باڵ بەسەر تابلۆی ڕەنگەکان بکێشێت و لە ناسنامەکەی دامالێت؟

و: ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە:
www.alittihad.ae

دۆناڵد ترەمپ: ئەگەر کێم هەڵسوکەوتی دوژمنانەی هەبێت ئەوە شتی زۆر دەدۆڕێنێت

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاند ئەگەر سەرۆکی کۆریای باکوور، کیم جۆن- ئون واز لە هەڵسوکەوتی دوژمنانەی نەهێنێت ئەوە زۆر شت دەدۆڕێنێت. ترەمپ، بە تۆندی ناڕەزایەتی لە بەرامبەر لێدوانەکانی نوێنەری هەمیشەیی کۆریای باکوور لە نەتەوە یەکگرتووەکان، کیم سۆنگ دانانریت. ترەمپ، لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر ڕایگەیاند، "کیم جۆن-ئون زۆر زیرەکە و ئەگەر هەڵسوکەوتی دوژمنانەی هەبێت ئەوە شتی زۆر دەدۆڕێنێت. لە سینگافۆر، ڕێککەوتنێکی بەهێزی دامالێنی چەکی ئەتۆمی واژۆکرد" دۆناڵد ترەمپ، لە تویتەکەیدا ڕاشیگەیاندووە: "کیم جۆن-ئون، نایەوێت پەیوەندییە تایبەتەکەی تێکبدات کە لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا هەیەتی و هەروەها نایەوێت دەست لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا وەربدات. کۆریای باکوور، بە سەرکردایەتی کیم جۆن-ئون خاوەنی ئابووریەکی زەبەلاحە و وەک ئەوەی کە بەڵێنی دا دەبێت چەکی ئەتۆمی دامالێت. ناتۆ، چین، ڕووسیا و ژاپۆن و هەموو جیهان لەسەر ئەم بابەتە هاوڕان". سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ دوێنێ لە کۆشکی سپی لە ڕوونکردنەوەیەکیدا بۆ ڕۆژنامەنووسان گوتی: "پەیوەندییەکانمان زۆر باشە، بەڵام گومان لەوە نییە کە کەمێک دوژمنایەتی هەیە". دوێنێ نوێنەری هەمیشەیی کۆریای باکوور لە نەتەوە یەکگرتووەکان، کیم سۆنگ، لە ڕوونکردنەوەیەکدا گوتبووی: "لە ئێستادا پێویست بە گفتوگۆیەکی دوورودرێژ ناکات لەگەڵ ئەمەریکا و بابەتی دامالێنی چەکی ئەتۆمی هەر لەسەر مێزی گفتوگۆدا نەماوە" هەروەها ڕایگەیاندبوو کە ئامانجی ئەمەریکا لە گفتوگۆکان "فێڵی بەدەستهێنانی کاتە" بۆ بەرژەوەندی دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ساڵی 2020.گفتوگۆکان، لە مانگی شوباتەوە تاکو ئێستا بە خاوی بەردەوامە گفتوگۆکانی دامالێنی چەکی ئەتۆمی لە نێوان ئەمەریکا و بەیبێ ڕێککەوتن کۆتایی پێهێنرا. کۆتا کۆبوونەوەی هەردوو سەرۆک لە 30ی حوزەیران لە ناوچەی "دامالێنی چەکی" نێوان هەردوو کۆریا بەڕێوەچوو و هەردوولا بڕیاریاندا لەسەر بەردەوامبوون لەسەر گفتوگۆکانی چەکی ئەتۆمی. لە میانی کۆبوونەوەکانی کارکردن لەسەر ئەو ڕێککەوتنە لەمانگی تشرینی یەکەم لە سوید، شاندی کۆریای باکوور، ئەمەریکییەکانیان بە بەردەوامبوون لەسەر هەلوێستەکانی پێشوو تۆمەتبارکردبوو. حکوومەتی بیۆنگیانگ، تاکو کۆتایی ئەمساڵی وەک ماوە داوە بە ئەمەریکا بۆ ڕەزامەندی نیشاندان لەسەر مەرجە هاوبەشەکانی تایبەت بە دامالێنی چەکی ئەتۆمی. لە ئەگەری بەردەوامبوونی ئەمەریکا لەسەر سزا ئابووریەکان و گوشارەکانیان ئەوە ئەوان "بەدوای ڕێگایەکی نوێ"دا دەگەڕێن.

کیم جون-ئون بۆ یەکەم جار لە 12ی حوزەیرانی 2018لە سینگاپوورە چاوپان بەیەکەوت ولەوێ ڕێککەوتبوون لەسەر دامالێنی چەکی ئەتۆمی لە نیمچەدوورگەی کۆریا و بەرپاکردنی ئاشتییەکی جێگیر لە ناوچەکەدا. هەردوولا جارێکی دیکە لە 27-26ی شوبات لە ڤێتنام کۆبوونەوە بەڵام لووتکەکە بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان بە شێوەیەکی زۆر خێرا و بەبێ ڕێککەوتن کۆتایی پێهێنرا. کۆتا کۆبوونەوەی هەردوو سەرۆک لە 30ی حوزەیران لە ناوچەی "دامالێنی چەکی" نێوان هەردوو کۆریا بەڕێوەچوو و هەردوولا بڕیاریاندا لەسەر بەردەوامبوون لەسەر گفتوگۆکانی چەکی ئەتۆمی. لە میانی کۆبوونەوەکانی کارکردن لەسەر ئەو ڕێککەوتنە لەمانگی تشرینی یەکەم لە سوید، شاندی کۆریای باکوور، ئەمەریکییەکانیان بە بەردەوامبوون لەسەر هەلوێستەکانی پێشوو تۆمەتبارکردبوو. حکوومەتی بیۆنگیانگ، تاکو کۆتایی ئەمساڵی وەک ماوە داوە بە ئەمەریکا بۆ ڕەزامەندی نیشاندان لەسەر مەرجە هاوبەشەکانی تایبەت بە دامالێنی چەکی ئەتۆمی. لە ئەگەری بەردەوامبوونی ئەمەریکا لەسەر سزا ئابووریەکان و گوشارەکانیان ئەوە ئەوان "بەدوای ڕێگایەکی نوێ"دا دەگەڕێن.



مانشێت



سکای نیوز:
لە ویلایەتی قەندەهاری ئەفغانستان بۆمبێک بە ئۆتۆمبیلێکی هێزەکانی ئەمەریکادا تەقیەوە و دوو سەرباز کوژران.



ئیلاف:
پۆلیسی نیوزلەندا ڕایگەیاند ژمارەی قوربانیانی گرکانەکەی باکووری وڵات بەرز بووەوە و گەیشتە 20کەس.



ئەی ئێف پی:
چەند دەزگایەکی میدیایی چینی سەرۆکی تازەی تایوانیان بە فرتوفێڵ و ساختەکاری تۆمەتبار کرد.



ڕۆیتەرز:
پۆلیسی کۆلۆمبیا شکستی بە هەوڵێکی تیرۆرکردنی سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی فارک هێنا .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
سەرۆکوەزیرانی پۆڵەندا ئەڵمانیای بەوە تۆمەتبار کرد کە وەک پێویست پشتگیری لە ناتۆ ناکات .



کەنالی ئار تی:
نانسی پیلۆسی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە بەڵگەی پێویست لەبەر دەست دان بۆ دوورخستنەوەی ترەمپ لە دەسەلات .

پاراستنی داری مزرەمەنی لە سەرمای زستان

یەکەم. لقی وشک و شکاو و توشبوو بە نەخۆشی لادەبرێت بە مەرجێک بەشێک لە دارکی دارەکەی لەگەڵیدا لێبکرێتەوە بۆ ئەوەی وشکبوونەوەکە نەگاتە بەشە ساغەکان.

دووەم. ئەو لقانای کە زۆر لەیەک ئاڵاون و تێکەڵ بە یەکدی بووینە لە ناوەوەی دارەکە کەمدەکرێنەوە بۆ ئەوەی تیشکی خۆر بگاتە ناوەڕاستی دارەکە.

سێیەم. لقوپۆپی تەنیشتەکان لادەبرێن بە تایبەتی ئەوەی لە ژێرەوەی شوێنی موتربە دەردەکەون.

چوارەم. ئەو لقانەی بۆ سەرەوە گەشەدەکەن کورت دەکرێنەوە بۆ ئەوەی بەرزی دارەکە لە 2.5-2 مەتر زیاتر نەبێت، هەوڵدەدرێت لقەکان بە شێوەیەک ببڕدرێت کە نێوان دار و دار 1مەتر بێت.

پێنجەم. پێویستە لە ناوەڕاستی مانگی شوبات کۆتایی بە هەڵپاچین و بڕینی داری مزرەمەنی بێت.

شەشەم. لەو شوێنانەی بارانیان کەمە پێویستە ئاودان بۆ دارەکان بکرێت، چونکە ئاودان لە کاتی متبوونی دار سوودی زۆرە.



خواردنەوەی (چا) تەمەن درێژ دەکات



خواردنەوەی (چا) پەیوەندی بە کەلتووری چەندین نەتەوە هەیە. ئێستا لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێدا دەرکەوتووە خواردنەوەی (چا) بە شێوەیەکی رێکوپێک ئەگەری هەیە هاوکاربێت لە درێژبوونی تەمەن بۆ ماوەیەکی درێژ و بە لایانی کەم بگاتە 1ساڵ.

توێژەرانی ئەکادیمیای چین بۆ زانستە پزیشکییەکان لە پەکین ئاشکرایانکرد: خواردنەوەی چا سێ جار لە حەفتەیەکدا تەمەنی مرۆڤ بۆ ماوەی 1ساڵ بەلایانی کەم زیاد دەکات.

(شینیان وانگ) سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە دەڵێ: خواردنەوەی بەردەوامی (چا) پەیوەندی بە کەمکردنەوەی مەترسییەکانی نەخۆشی دڵ و خوێنبەرەکان هەیە، کە هۆکارن بۆ مردن، ئاماژەشی بەوە کرد کە (چا)ی سەوز سوودی تەندروستی زیاترە بۆ ماوەیەکی زۆر بخورێتەوە.

ژمارەی بەشداربوانی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتە 100.902بەشداربوو کە بۆ دوو کۆمەڵە دابەشکران، کۆمەڵەیەکیان بە شێوەیەکی رێک 3چایان دەخواردەوە و بەشداربووی کۆمەڵەی دووەم لە 3چا کەمتریان دەخواردەوە لە حەفتەیەکدا. هەڵسەنگاندن بۆ بەشداربووان کرا بۆ ماوەی 7ساڵ، شیکردنەوەی داتاکان دەریانخست ئەوانەی بە شێوەیەکی رێک حەفتانە 3چایان دەخواردەوە کەمتر دووچاری نەخۆشییەکان دەهاتن بە تایبەتی نەخۆشییەکانی دڵ و میشک، لە هەمانکاتدا بە تێکڕای 1.26ساڵ زیاتر ژیان لەوانەی بە دەگمەن چایان دەخواردەوە درێژتر بوو. توێژەران هۆکارەکە بۆ پۆلیفینۆل دەگەڕێننەوە کە لە پێکهاتەی (چا)دا هەیە کە ماددەیەکی کیمیاییە و تایبەتمەندی دژە ئۆکسایینی هەیە. سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە ئەو راستییە دەخاتەڕوو کە ماددەی پۆلیفینۆل بۆ ماوەیەکی درێژ لە جەستە مامێنێتەوە بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی رێک چا بخورێتەوە. ئاشکراشیدەکات کە (چا)ی سەوز رێژەیەکی زیاتر لە پۆلیفینۆلی تێدایە بە بەراورد بە چای ئاسایی، هەروەها تێکەڵکردنی شیر لەگەڵ (چا)دا هۆکارێکە بۆ کەمبوونەوەی ئەم ماددەیە لە گیراوەکەدا بەوەش سوودەکەی کەمتر دەبێت و لە هەمانکاتدا کاریگەری خراپیشی لەسەر فرمانەکانی دڵ دەبێت. لە لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوتووە کاریگەری خواردنەوەی (چا) لەسەر پیاواندا باشتر دەردەکەوت لە ئافرەتاندا، بە بۆچوونی توێژەران هۆکارەکە بۆ زیاد بەکارهێنان چا دەگەڕێتەوە لە لایان پیاوانەوە.

چەند ڕێنماییەک بۆ پاراستنی هەنگ لە سەرمای زستان

یەکەم. دڵنیابوون لە هەبوونی خۆراکی پێویست لە نێو پوورەکەدا بە هەردوو جۆرییەوە کاربۆهێدرات (هەنگوینی پێگەیشتوو) و پرۆتین (دەنکە هەڵاڵە یان گەرد)، ئەگەر خۆراکی پێویست نەبوو دەکرێت لە پوورەیەکی دیکە وەربگیرێت کە بەهێزە.

دووەم. لێکدانی پوورە هەنگە لاوازەکان یان ئەوانەی شاهەنگیان نییە لەگەڵ یەکدی، پوورەی هەنگ هەر چەندە ژمارەی کارکەرەکانی (پاڵەکان) زیاتر بێت پلەی گەرمی ناو سندوقەکە بەرزتر دەبێت و لە هەمانکاتدا کرداری زستان پۆش سەرکەوتوو دەبێت.

سێیەم. پەروازی بەتاڵ و نهومی دووەمی زیاد لادەبرێت و لە شوێنێکی خاوێن هەڵدەگیرێت دوای ئەوەی قانگەدرێت بۆ ئەوەی لە وەزی بەهاری داهاتوو دووبارە بەکار بێتەوە.

چوارەم. پەروازەکان بە شێوەیەک رێکدەخرێت لە پوورەکەدا کە شانەی گەرا لە ناوەڕاست بێت و هەردوو لای بە پەروازی هەنگوین و دەنگە هەڵاڵە دەور دراببێت و بانەکەشی بە قوماشێکی خاوێن سەرپۆش دەکرێت.

پێنجەم. بنکەکەی سندووق لەسەر باری زستانە دادەندرێت و دەرگاکەشی بچووک دەکرێتەوە.

شەشەم. پێویستە چەند جارەی پشکنین و کردنەوەی سەری سندوق لە وەرزی زستاندا کەمبکرێتەوە، تەنها لەو ڕۆژانەی خۆر بەدەرەوەیە ئەو کرداره ئەنجام دەدرێت بە مەرجێک کە تەوژمی بای نەبێت، لە کاتی پشکنیندا جەخت لە هەبوونی شاژن و هەبوونی خۆراکی پێویست دەکرێت.

حەوتەم. دیواری شانەکە ئەگەر کرمۆکە یان پیرپا و کرمی شەمێی لەسەر بێت خاوێن دەکرێتەوە و نەخۆشی و دەردەکان قەڵاچۆ دەکرێن.

هەشتەم. پێویستە بانی سندوقەکە بە نایلۆن یان هەر پۆشاکێک کە بیپارێزێت لە باران و (با)ی بەهێز داپۆشرێت.

نۆیەم. هەندێک کێشی قورس لەسەر سندوقەکان دادەنرێت لەو کاتانەی تەوژمی بای بەهێز هەیە، بە تایبەتی ئەو هەنگانەی لە کەشێکی کراوەدا دانداون.



چۆن رووەک رووبەڕووی کەشوهەوای گەرم دەبێتەوە؟



زیانەکانی رووەک لە ئەنجامی دابەزینی پلەی گەرمی بەندە بە ڕادەی دابەزین و خێرایی گۆڕان لە پلەی گەرمی دا. باری فسیۆلۆژی رووەک و ئەو (شێ)یەی لە شانەکانیدا هەیە کاریگەری لەسەر توانای برگری دابەزینی پلەی گەرمی دەبێت. رووەک پێشوەختە خۆئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی لە زیانەکان پارێزراو بێت، ئەوەش لەسەر توانای پرۆتۆپلازم بۆ گۆڕین دەوەستێت، لە هەمانکاتدا خەسڵەتی مۆرفۆلۆجی کە خودا پێی بەخشیوە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ ئامادەکردنی رووەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پلەی گەرمی نزم. لەو گۆڕانکارییانە وەک پۆشینی رووەک بە ماددەیەکی شەمێیی یان بە چینێک لە توک یان بەهۆی بچووک کردنەوەی خانەکان، ئەو گۆڕانکارییانەی لە پرۆتۆپلازم رووەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پلەی گەرمی نزم بە (خۆگونجاندن) دەناسرێت. خۆگونجاندن ژیانی رووەک دەپارێزێت لە وەرزی زستاندا و توانای بەرگری پێ دەبەخشێت کە گرنگیی هەیە بۆ ژمارەیەکی زۆری رووەک. لە پرۆسەی خۆگونجاندنا چڕی پرۆتۆپلازم و ئاوی سەربەستی نێو رووەک چڕییەکەیان کەم دەبێتەوە، هەروەها پرۆتین و شەکرە تواوەکان بڕکەیان زیاد دەبێت و پلەی بەستان کەم دەبێتەوە. لە کرداری خۆگونجاندنا پرۆتینەکان دەگۆڕێن بۆ ترشە ئەمینییەکان و کاربۆهێدرێتەکانیش بۆ شەکرە تواوە ئەو کراداوەش لەم قۆناخەدا خێراتر ئەنجام دەدرێت، لە ئەنجامی ئەو پرۆسانەدا ڕووی ناوەوەی پرۆتۆپلازمەکە پانتر دەبێت و بڕی ئاویی ناوەوە کە نابەستێت زیاد دەکات و پلەی بەستینیش دادەبزێت. سەرجەم رووەکەکان ئامادەکارییان هەیە بۆ دابەزینی پلەی گەرمی لە سروشتدا، وەک لە رووەکە تەمەندارەکان گەشەکردنییان لەسەر خۆ دەبێت و هەندێکیان گەلایان دەوەریت و گۆپکەکانیان دەچێتە قۆناخی متبوون لە وەزی زستاندا، وەک ئاشکرایە هەرچەندە خێرایی گەشەکردن کەمتر بێت ئەوە قەبارەی خانەکەن بچووک دەبێت و توانای برگری رووەک بۆ پلە گەرمییە نزمەکان زیاتر دەبێت.

زیانی بەکارهێنانی پەینی ئۆرگانی شی نەبووەوە

بەکارهێنانی زبڵی ئاژەڵ کە بە پەینی ئۆرگانی دەناسرێت پێش شیبوونەوە و پێگەیشتن هۆکارە بۆ ئەوەی چەندین زیان بە خاک بگەیەنێت وەک بڵاوبوونەوەی گژوگیا و نیماتۆدا و نەخۆشییەکانی کەڕوو و بەکتریا.

ئەوەو زیاد کردنی پەینی ئۆرگانی پێش شیبوونەوە بۆ خاک دەبێتە هۆی کەمی ئۆکسجین و لەدەستدانی نایترۆجینی نێو خاک، لە هەمانکاتدا بارودۆخە ناهەوارییەکە دەبێتە هۆی دروستبونی ئاوێتەی ژەهراوی لە خاکدا کە کاریگەری لەسەر گەشەی رووەکدا دەبێت، هەروەها بەکارهێنانی پەینێکی ئۆرگانی باش شینەبووەوە ژمارەی میکرۆبەکان بە پلەیەکی زۆر زیاد دەکات و چالاکیان دەکات بۆ ئەوەی پەلەماری ماددە خۆراکییەکانی خاک بدات و لەناویان ببات.

ئامۆژگاری ئەو کەسانە دەکرێت کە پەینی ئۆرگانی لە زەویەکانیاندا بەکار دەهێنن پێشوەختە بە تیشکی خۆر تەعقیمی بکەن و با چەند جارێکیش باران لێبدات و دڵنیابین لە باشی شیبوونەوەی بۆ دەربازبوون لە سەرجەم هۆکارەکانی نەخۆشیی پێش بەکار هێنان، ئەو کاتەش سوود لە توخمە خۆراکییەکانی ناو پەینەکە وەردەگرین.



Email: hawarmurtkaee@yahoo.com – 07504475407 بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش:
سێ شەممە 2020/1/14 ژمارە (5910)
www.xebat.net

ریال مەدرید بووە پاڵەوانی سوپەری ئیسپانی



دوای بردنەوەی لەیانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید بەلێدانی یەکلاکەرەوە، یانەی ریال مەدرید بۆ جاری 11هەم یانەی ریال مەدرید بووە پاڵەوانی جامی سووپەری ئیسپانی.
لەسەر یاریگای جدە لە سعودیە هەردوو یانە لەکاتی فەرمی یارییەکەا نەیانتوانی تۆڕی یەکتر بهەژێنن، بۆیە دوو گیمی دیکە زیادکرا و بەم دوو گیمەش هیچ لە ئەنجامەکە نەگۆڕدرا، لەکاتێکدا کە یانەی ریال گێمی دووەمی زیادکراوی بە 10 یاریزان تەواوکرد کاتێک فیدریکۆ ڤالڤێیردی لە خولەکی 115 بەکارتی سوورکرایەدەرەوە، بەڵام ئەتلەتیکۆ نەیتوانی سوود لە کەمیی ژمارەی یاریزانانی ریال وەرگرێت و یاریبەکە لەکاتی زیادکراویشدا بەبێ گۆڵ تەواو بوو، ئەوەبوو پەنابردرا بەر لێدانی پەنالتی و دواجار یانەی ریال توانی یاریی و نازناوەکە بباتەوە.

فاتیح حەمەخان وەک ڕاوێژکاری دەستەی کارگێڕی یانەی برایەتی دەستنیشانکرا

ئا: عیماد قادر

دەستەی کارگێڕی یانەی برایەتی دوای کۆبوونەوەی سەرجەم ئەنجامانی یانەکە، دەستەکارکێشانەوەی ڕاهێنەری تیپی یانەی برایەتی فاتیح حەمەخان قبوڵکرا، هۆکاری دەستەکارکێشانەوەی ڕاهێنەری ناوبراو بەپێی بڕیارەکانی کۆبوونەوەکە، بەهۆی باری تەندروستی بووە ، لەبەرانبەردا ستافی دەستەی کارگێڕی یانەی برایەتی سوپاس وپێزانینی خۆیان ئاراستەی ڕاهێنەر فاتیح حەمەخان کرد بۆ ئەو خزمەتە زۆرەی کەلەماوەی ڕابردوو پێشکەشی یانەکە کردووە، دوای قبوڵکردنی نامەی دەستەکارکێشانەوەکەی ڕاهێنەری ناوبراو، دەستەی کارگێڕی یانەکە بڕیاریدا فاتیح حەمەخان وەک ڕاوێژکاری دەستەی کارگێڕی یانەکە بۆ یاری تۆپی پێی دەستنیشانکرا.
پێویستە بگوترێ ئەم وەرزە یانەی وەرزشی برایەتی لەخولی نایابی کوردستان لەئاستی ڕاستەقینەی خۆیدا نییە لەدوایین یاریشدا بەرامبەر شێروانە تووشی دۆراندن هات، یازدە گەڕ بەسەر خولەکە تێپەڕیوە تائەو کاتە یانەی برایەتی لەڕێزبەندی خولەکە بەکۆکردنەوەی 14خاڵ لەپلەی شەشەمدایە، بەڵام لەهەر بردنەوەیەک و بەدەستهێنانی 3خاڵ ئەوا شوێنی لەڕێزبەندی خولەکە دەگۆڕێت و بەرەو پلەکانی پێشەوە هەنگاو دەنێت.



ئۆشین موحسین: کاتێک پلەی یەکەممان بەدەستهێنا کەس دەستخۆشی لێنەکردین

دهیانە: سەرهەنگ نەجمەدین

ماوەی ڕابردوو کچانی بەرزکردنەوەی قورسایی هەڵبژاردەی عێراق بەشداریان لەپاڵەوانیەتی بەرزکردنەوەی قورسایی عەرەبی کردبەبشداری 12هەڵبژاردەی عەرەبی کەلەوڵاتی ئەردەن بەرێوەچوو، هەڵبژاردەی عێراقیش لەم پاڵەوانیەتیەدا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا و بەکۆمەڵێک میدالیای زێر و زیوەوە گەرانەوە وڵات، بۆ ئەم مەبەستە و تیشک خستنە سەر چۆنیەتی بەشداری کردنی کچانی یانەی هەولێر بەناوی هەڵبژاردەی عێراق لەنزیکەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ خاتوو ئۆشین موحسین عەزیز کچە یاریزانی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی عێراق سازد و سەرەتا لەبارەی دەستکەوتەکانیان لەپاڵەوانیەتی عەرەبی کەبەدەستیان هێناوە بۆ خەبات ڕایگەیاند: بێگومان من و دوو خوشکەکەم و باوکم کەڕاهێنەرمانە بەشداریمان لەپاڵەوانیەتی بەرزکردنەوەی عەرەبی کرد و تیایدا توانیان پلەکانی یەکەم و سێیەمی پاڵەوانیەتیەکە بۆخۆمان دەستەبەربکەین، پاڵەوانیەتیەکە لەئاستێکی بەرزدابوو، نزیکەی 12 وڵات بەشداریان کردبوو، ئێمەش ئامادەکارییەکی تەواومان بۆ پاڵەوانیەتیەکە کردبوو کەبتوانین لەوێ جگە لەئەنجامی بەرز هیچ ئەنجامێکی دیکە بەدەست نەهێنین، خۆشبەختانە من لەکێشی 71کغم پلەی سێیەمم بەدەستهێنا ، هەروەها هەردوو خوشکەکەم ئیسرا موحسین لەکێشی 48کغم پلەی یەکەم و
ئیناس موحسن لەکێشی 63کغم پلەی یەکەمی پاڵەوانیەتیەکە بەدەست بهێنیت و ببینە خاوەن 9میدالیای زێر،ئەم دەستکەوتە بەهەوڵ وکۆشیی باوکم بووە ، ئەو زۆر خۆی لەگەڵ ئێمە ماندوو دەکات تابگەینە لوتکە.
هەر دوای گەڕانەوەیان بۆ کوردستان و بەدەستهێنانی پلەی یەکەمی وڵاتانی عەرەبی خاتوو ئۆشین موحسین گلۆبی وگازاندە لەبەرپرسانی وەرزشی کوردستان دەکات و ئەو بەوشێوەیە دەڵێت: دوای گەڕانەوەمان بۆ هەرێمی کوردستان و بەدەستهێنانی پلەی یەکەمی وڵاتانی عەرەبی، هیچ بەرپرسێکی وەرزشی دەستخۆشی لێ نەکردوین بەڵکو خەڵاتیش نەکراین، تەنها لێژنەی ئۆلۆمپی کوردستان نەبێت کەرێزیان لێگرتین و دەستخۆشیان لێکردین.
سەبارەت بەجیاوازی نێوان وەرزشی وڵاتانی دەرەوە وهەرێمی کوردستان خاتوو ئۆشین بۆ ئەم مەبەستەش گۆتی: جیاوازییەکی زۆر لەهەموو ڕوویەکەوە دەبینم، ئێمە بەچاو ئەوان زۆر دواکەوتووین، ئامێرەکانی بەکارهێنەری ئێمە بۆ مەشق وڕاهێنان و پاڵەوانیەتیەکان زۆر کۆنن، بەڵام ئامێرەکانی وڵاتانی دیکە زۆر پێشکەوتوون ، بۆیە بەداخەوە دەلێم نازانم کەی ئێمەش وەک وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی دیکەی عەرەبی لەژێر خانی وەرزشی پێش دەکەوین.
خاتوو ئۆشین ئێستا ئامادەکاریی بۆ پاڵەوانیەتی بەرزکردنەوەی قورسایی عەرەبی دەکات کەوابپیارە لەناوەراستی مانگی داهاتوو لەوڵاتی دوبەی بۆ هەڵبژاردەکانی عەرەبی ئەنجام بدرێت، کچانی یانەی هەولێریش نوێنەرایەتی هەڵبژاردەی عێراق دەکەن لەپاڵەوانیەتیەکاندا.



ئیبرا: لە سانسیرۆ بە گەرمی ئاهەنگ دەگێڕم



یاریزانی سوێدی، زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ، هێرشبەری یان ئەی سی میلانی ئیتاڵیی، دڵخۆشی خۆی بە یەکەم گۆڵی بە دڕێسی ڕۆستۆنێری دەربڕی، دوای گەڕانەوەی سەر لەنوێی بۆ یانە کۆنەکەی. ئەمەو ئیبرا، یەکەم گۆڵی خۆی لە خولی ئیتاڵیا، لە گۆڵی یانەی کالیاری تۆمارکرد، دوای گەڕانەوە بۆ یانە کۆنەکەی لە میرکاتۆی زستانەی ئێستادا. زلاتان توانی پێشەوایەتی یانەکەی بکات، بە ئەنجامی دوو گۆڵی بێ وەڵام لە یانەی کالیاری بباتەوە، لەو یارییەی ڕۆژی هەینی لە گەڕی 19خولی ئیتاڵیا ئەنجامدرا. ئیبراهیمۆڤیچ، توانی لە خولەکی 64دا، گۆڵی دووەمی یانەکەی تۆمار بکات، گۆڵی یەکەمیش لە لایەن رافائیل لیاو، لە خولەکەی 46تۆمار کرا. ئیبرای تەمەن 38ساڵان، دوای یاریبەکە لێدوانی بۆ مالپەڕی (کالچیۆ میرکاتۆ) ی ئیتاڵیی دا و گوتی:بۆ ئێمە یاریبەکی گەورە بوو و توانیمان بردنەوەیەکی گرنگیش تۆمار بکەین. گوتیشی: هەستم بە ئاسوودەیی کرد، بەڵام هێشتا پێویستم بە کاتە، بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە لوتکە. ئیبرا لە وەڵامی ئەوەی ئایا بۆچی لە یاری کالیاری دوای تۆمارکردنی گۆڵەکەی بە سادەیی ئاهەنگی گێڕاوە وتی:کە لە سان سیرۆ بووم بە گەرمی ئاهەنگ دەگێڕم. لە کۆتاییشدا گوتی: جەستە و زیەنم لە باشترین ڕەوش دان. شیاوی باسکردنە، زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ، دوای نزیکەی هەشت ساڵ دوور کەوتنەوە لە یانەی میلان و ، یاریکردن بۆ یانەکانی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی، مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی و لۆس ئەنجلۆس گالاکسی ئەمریکی، بە دەستەوارەیەکی خۆڕایی گەڕایەوە یانەی میلان.

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Tue.14. Jan. 2020 No: (5910)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هونەری بێگانە چۆتە ناو دەمار و خانەکانی هونەر و میوزیکی کوردی ئەسڵەتیان تێدا نەهێشتۆتەوە

میوزیکژەن رەنجبەر خۆشناو:

هونەرمەندێک دوای پەنجا ساڵ خزمەت لەخانووی کرێ بژیێت، دەبێت چاوەڕێی چ پرۆژەیەکی هونەی گەورەی لێبکرێت





"خوازیارم تیپی مۆسیقای هەولێر شکۆی جارانی بۆ بگەڕێتەوە"

دیانە: هێمن ئاری

هونەرمەندی میوزیکژەن رەنجبەر خۆشناو، بەیەکێک لەو میوزیکژەنە دیارانە دادەنرێت لەناوەڕاستی ساڵانی شەستەکانەوە تا ئێستا خزمەتێکی باشی بەو بوارەکردووە و تاهەنوکەش کەم تا زۆر جێ دەستی دیاربووە.

ئەومیوزیکژەنە، لەدیانەیەکی رۆژنامەی خەباتدا نایشارێتەوە کەسەرەڕای هەبوونی چەند هەنەرمەندێکی باش، بەڵام هونەری کوردی بەقۆناغێکی خراپتدا دەڕوات و دووچاری سەر لێشێواوی بووە. ئەمەش بەدۆخێکی مەترسیدار دەزانێت و پێیوایە زیان لەهونەری کوردی دەدات و بۆ چەند ساڵێک دوای ئەوە چارەسەری زەحمەت دەبێت. ڕەنجبەر خۆشناو لەم دیانەیەدا دەڵێت:گەنجی بەتوانامان هەیە لەم بواڕە و خوازیاریشە کار لەسەر ئەوەبکەن تیپی مۆسیقای هەولێر شکۆی جارانی بۆ بگەڕێتەوە. هەروەها لەبارەی پرۆژەی داهاتووی خۆی ئەم هونەرمەندە گوتی: هونەرمەندێک دوای نزیکی نیو سەدە لە خزمەتکردن کرێچی بێت چاوەڕێی چی لێدەکرێت؟ بەدیان هونەرمەندمان هەیە لەدەڕەوەی کوردستان دوێنێ بوونەتە گۆرانیبێژ ئێستا لەڤێلا و گوندەکانی ئیتالی و ئینگلیزی و شوققەکانی ناز ستی نیشتەجێن، هونەرمەندێکی وەک منیش دوای ئەو هەموو ساڵ پێشمەرگایەتی و خزمەتە لەچەند ساڵی رابردوو بەهۆی ئەوەی یەکێک بووە لە ئەندامانی تیپی شۆڕش لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوداو کەمەدالیایی ڕێز لێنانیان پێشکەشکردوون،گوتی: بەهۆی ئەوەی من سەفەرێکم هاتە پێش نەمتوانی لەگەڵ برادەران ئامادەبم لە بەخشینی مەدالیاکە بێبەشیانکردم،کەئەوەش بۆمن جێگای نیگەرانی بوو.

*** دەستپێکی کاری هونەری بەڕێزتان لەبواری هونەر دەگەڕێتەوە بۆکەی؟**

- دەستپێکی کاری هونەریم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1967 ئەو کات لەتیپی مۆسیقای سەفین لە شەقڵاوە وەک دەف ژەن و کۆرس، لەوێش بەدواوە دەستمدایە ئامێری کەمان.کەزۆر جاران دەچووین بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی هیران و نازەنین و گەڵاڵە و چۆمان لەشۆڕشی ئەیلوول وەک پێشمەرگە ئاسا بەردەوام بووین تا نسکۆی ساڵی .1975

*** ئێستای هونەری کوردی لە چ ئاستێکدا دەبینی بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوتر ؟**

- بەداخەوە لە ئاستێکی تا بڵێی خراپدایە و سەر لێشێواویەکی زۆری پێوە دیارە.میوزیکی بیانی و عەرەب و تورک و فارس چۆتە ناو دەمار و خانەکانی میوزیکی کوردی ، تام و چێژی ئەسڵەتی کوردی تێدانەماوە، ساڵانی حەفتا و هەشتاکان مۆسیقا و هونەری کوردی لە ئاستێکی باشدابوو، ئێستاش میوزیسیانی زۆر بەتوانامان هەیە، بەڵام مخابن لەبەر بازاڕی ئەمڕۆیان بیر لەئاینده ناکەنەوە، ئەگەر وا بڕوات دەبێتە کارەسات و چارەسەرکردنی دەیان ساڵ دەخایەنێت، ئێمە نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە لەلایەن هەندێ هونەرمەندەوە هەوڵی جدی دەدرێت و ئاستێکی باشیشیان هەیە و کاری باش دەکەن، بەڵام ئەوان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

*** بە حوکمی ئەوەی چەند ساڵێک لە ئەورووپا ژیاویت، لەوێشدا کەم تا زۆر چالاکیتان هەبووە و کاری هونەریتان ئەنجامداوە ،کارەکان لەوێ یان لەکوردستان باشتر بەڕێوە دەبران؟**

- بەڕاستی ئەوکاتانەی لەمیدیا تیڤی بووم جێگای شانازیم بوو کە بۆیەکەمجار کورد پەخشی ڕاستەوخۆی هەبوو ،لەگەڵ رزگاری برام و ناسری ڕەزازی و ڕەحمەتی مەرزیە و لە دەستپێکی ئەم تیڤییە ڕاستەوخۆ بەشدارییم کرد.دوای ناسینی هونەرمەندانی پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەزموونێکی بەسوودبوو بۆمن و کاری باشیشمان ئەنجامدا. بەڵام بەهۆی نەمانی بودجەی تایبەت بۆ ئەو بەرنامانە نەمانتوانی درێژە بە کارەکانمان بدەین.

*** ئێستا پەیوەندیتان لەگەڵ زیاد بناسێتن ؟**

- تا ڕادەیەکی کەم توانیومانە ئەم کارەبکەین و میوزیکی خۆمان بە میللەتان بناسێنین،چونکە ناسینی کوردمان یەکەمجار پێباشتربووە لە میوزیکەکەی، لەبەرئەوەی گروپی بچوک بچوک ناتوانێ پێناسەی میوزیکی کوردی بدات بەگۆێگری بێگانە ،ئەگەر لە ئاستێکی زۆر باشدا نەبێ و گۆێگرێکی تایبەتت نەبێ ئەو ئاستە باشەش پشتگیری حکوومەتی دەوێت.

*** لەساڵانی نەوەدەکان لە میدیا تیڤی لەگەڵ چەند هونەرمەندێک کۆمەڵێک بەرنامەی باشتان پێشکەشکرد،لەگەڵ مامۆستا وریا ئەحمەد و زیاد ئەسعەد و چەند هونەرمەندێکی دیکە،ئەو ئەزموونە بۆ تۆ چۆن بوو؟**

- بەڕاستی ئەوکاتانەی لەمیدیا تیڤی بووم جێگای شانازیم بوو کە بۆیەکەمجار کورد پەخشی ڕاستەوخۆی هەبوو ،لەگەڵ رزگاری برام و ناسری ڕەزازی و ڕەحمەتی مەرزیە و لە دەستپێکی ئەم تیڤییە ڕاستەوخۆ بەشدارییم کرد.دوای ناسینی هونەرمەندانی پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەزموونێکی بەسوودبوو بۆمن و کاری باشیشمان ئەنجامدا. بەڵام بەهۆی نەمانی بودجەی تایبەت بۆ ئەو بەرنامانە نەمانتوانی درێژە بە کارەکانمان بدەین.

*** ئێستا پەیوەندیتان لەگەڵ زیاد ئەسعەد چۆنە ،سەبارەت بەو دەنگۆیانەی لەم دواییە لەبارەی تەندروستی کرا تاچەند ئاگاداری؟**

- من چەندجارێک لەگەڵ هونەرمەند زیاد ئەسعەد یەکترمان بینیووەو جارێکیش میواندارییم کرد هاتە ماڵەوە ،دواتر لەمیدیا تیڤی دوو جار بەرنامەمان بەیەکەوە کرد، لەبەرئەوەی لەیەکتر دوورنیشتەجێن، هونەرمەندێکی وەک منیش دوای ئەو هەموو ساڵ پێشمەرگایەتی و خزمەتە کرێچیم!تەنها مەدالیایەکی شانازی کە بۆم تەرخان کرابوو بەبۆنەی بەشداریکردنم لەتیپی مۆسیقای شۆڕش لەساڵی 1974کاتێ لەناو شۆڕشی ئەیلوول بووم لەو مەدالیایەش بێ بەشکرام چاوەڕێی چی بکەم؟!

*** بەرنامەی داهاتووت چییە ؟**

سەبارەت بە بەرنامەی ئێستاشمان بەو نیازەین بتوانین تیپی هونەری هەولێر شکۆی جارانی بۆ بگەڕێتەوە و هەموو ئەوانەی لەکۆن و لەگەڵ گەنجی بەهرە دار بتوانین هەر بۆ یادگاری ئەوەندەی تەمەنمان ماوە کارو چالاکییەکانمان لەوێوە پەرە پێ بدەین.

*** پاش پەنجا ساڵ خزمەتکردن بە هونەر هەست بەچی دەکەی؟!**

بەدیان هونەرمەندمان هەیە لەدەرەوەی کوردستان دوێنێ بووەتە گۆرانیبێژ ئێستا لە ڤێلا و و گوندەکانی ئیتالی و ئینگلیزی و شوققەکانی نازستی نیشتەجێن، هونەرمەندێکی وەک منیش دوای ئەو هەموو ساڵ پێشمەرگایەتی و خزمەتە کرێچیم!تەنها مەدالیایەکی شانازی کە بۆم تەرخان کرابوو بەبۆنەی بەشداریکردنم لەتیپی مۆسیقای شۆڕش لەساڵی 1974کاتێ لەناو شۆڕشی ئەیلوول بووم لەو مەدالیایەش بێ بەشکرام چاوەڕێی چی بکەم؟!

*** بەرنامەی داهاتووت چییە ؟**

سەبارەت بە بەرنامەی ئێستاشمان بەو نیازەین بتوانین تیپی هونەری هەولێر شکۆی جارانی بۆ بگەڕێتەوە و هەموو ئەوانەی لەکۆن و لەگەڵ گەنجی بەهرە دار بتوانین هەر بۆ یادگاری ئەوەندەی تەمەنمان ماوە کارو چالاکییەکانمان لەوێوە پەرە پێ بدەین.


هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا (ئوسمان هۆرامی)



مامۆستا ئوسمان هەتا ئەمڕۆش تاقانەی ئاواز و میوزیکی هەورامانە و وەک پێشەنگێکی مەزن ماوەتەوە، بە ئاوازی ئەفسوناوی ناسراوە ، مامۆستا ساڵی (1936) لە گوندی (کێمنە)ی سەربەشاری (پاوە) لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لەدایک بووە ، لە ساڵی (1965) دەچێتە رادیۆی کرماشان و لە ماوەیەکی کورتدا ناوبانگێکی گەورە بەدەست دەهێنێت، لە زیاتر لە (50) ساڵ چالاکی هونەری هەبووە و گۆرانی خوێندووە ، لە تەمەنی هونەری خۆیدا چەندان کاسێتی بڵاو کردووەتەوە کە ئەمەش خۆی ڕیکۆردێکی یەکجار زۆرە، مامۆستا خاوەنی چەندین خەڵات و ڕێزلێنانی تایبەتە لە باشوور و ڕۆژهەلاتی کوردستان ، ماوەی چەند ساڵێکە بە هۆی نەخۆشی گەرووپەوە لە خوێندن و چرینی ئاواز وەستاوە، هیوای ساخ و سەلامەتی بۆ مامۆستا ئوسمان دەخوازین.

ڕێبوار هەورامی

ئەیوب عەلی نامەکانی بڵاوکردەوە



هەمزە سەرحان

هونەرمەند و گۆرانیبێژی کورد ئەیوب عەلی، نوێترین ڤیدیۆ کلیپی بە ناوی نامەکانت، لە چەنالی تایبەتی خۆی لە یوتیوب بڵاوکردەوە.نامەکانت، لە تێکست و ئاوازی هونەرمەند خۆیەتی، میوزیک ئەرێنجمینتی لەلایەن عیماد شوکری بۆ ئەنجامدراوە، کاری دەرهێنانی کلیپەکە لەلایەن کاردۆخ ئیبراهیم ئەنجامدراوە.هونەرمەندی گۆرانیبێژ "ئەیوب عەلی" یەکێکە لە هونەرمەندە دیارەکانی هەرێمی کوردستان، ساڵی 1973لە سلێمانی لە دایکبووە، دەرچوی کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەدینە، نزیکەی 26ساڵە لە بواری هونەریدا کاردەکات، لەو بوارەدا چەندین ئەلبومی گۆرانی و ڤیدیۆ کلیپی تۆمارکراوی هەیە.